# پەیوەندی و كارلێكی زمان و بیر
## تابۆی سێكسی بە نمونە

(PP 134 - 155)
**ID No. 1837**
http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.3.8

**د. هێمن عەبدولحەمید شەمس**
زانكۆی كۆیە-فاكەڵتیی پەروەردە - بەشی زمانی كوردی
Hemin.shams@koyauniversity.org

**وەگـــــرتن : 2017/11/21**
**پەسندكردن : 2018/01/17**
**بڵاوكردنەوە : 2018/05/15**

**پوختە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە، لە سنوری زمانەوانیی دەرونیدایە، كە لقێكە لە زمانەوانیی كارەكی، لە پێشەكی و سێ بەش و ئەنجام پێكهاتووە.

لە بەشی یەكەمدا، باس لە زمان و هێما و زمانەوانیی دەورونی و پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و زمان و جیهانبینی كراوە لەگەڵ تاكگەرایی و هەڵكردن. لێكۆڵینەوەكە بەو ئاراستەیەیە كە چۆنیەتی و شێوازی هەڵبژاردن و بەكارهێنانی كەرەستە زمانییەكان لەلایەن تاك، بەشێكن لە چۆنیەتیی بیركردنەوە و كەسێتی و هۆكارێكی سەرەكیی هەڵكردن و خۆگونجاندنی تاكە لەگەڵ كۆمەڵ و دەوروبەریدا، چونكە زمان ئامرازێكی كارایە، لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بە چەندین شێوازی جیاواز، مەبەست و پەیامەكانی بگەیەنێت. بەكارهێنانی دەربڕینە تابۆكان، یان داپۆشین و پەرژینكردنی دەربڕینەكان، بۆ نیشاندانی ڕێز یان بریندارکردنی هەستی بەرامبەر و هێرشكردنە سەریان، بەشێكن لە شێوازی ئاخاوتنی تاك و كۆمەڵ.

بەشی دووەم، تایبەتە بە تابۆ. تابۆ لە زماندا، بریتییە لە سنورداركردن و قەدەغەكردنی ناوهێنان یان باسكردنی چەند بابەتێك بە شێوەیەكی ڕاشكاو و ڕاستەوخۆ و لەبریدانان و بەكارهێنانی چەند دەربڕینێكی دیكە بە هەمان چەمك و واتا لە شوێنیان. ئەمەش بەهۆی چەند هۆكارێكی كۆمەڵایەتی و دەرونی و ئاینی و سیاسی و ... هتد ەوە دەبێت، كە بە پێی سەردەم و لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی دیكە، دەگۆڕێت. تابۆ چەند جۆرێكی هەیە، بەڵام لەم لێكۆڵینەوەیەدا تابۆی سێكسی تەوەری باسەكەیە و لە ژێر ڕۆشنایی پەیوەندیی زمان و بیردا لێیكۆڵراوەتەوە و ڕۆڵ و كاریگەریی دەربڕینە (داپۆشەر- وروژێنەر)ەكان جەختیان لەسەر كراوەتەوە.

لە بەشی سێیەمدا چەند دەقێك لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانی كوردی، زاری كرمانجیی ناوەڕاست بە نمونە هێنراونەتەوە و بە پێی پێویست قسە و باسیان لەسەر كراوە و لایەنە تیۆرییەكانی بەشی یەكەم و دووەمیان تێدا دەستنیشانكراوە. لەكۆتاییدا لێكۆڵەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، بۆنمونە: سێكس هەژمونێكی فراوانی بەسەر بیر و باری دەرونیی تاكی كوردەوە هەیە و لە زمان و شێوازی ئاخاوتنیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشێوەیەكی گشتی، ئاخێوەری كورد، جیهانبینییەكی سێكسیی هەیە و زمانی كوردی لە ناونان و وردەكارییەكانی پڕۆسەی سێكسیدا، تاڕادەیەك، هەژارە.

## پێشەكی

**0 – 1 / ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە:**

- اونیشانی لێكۆڵینەوەكە، (پەیوەندی و كارلێكی نێوان زمان و بیر – تابۆی سێكسی بە نمونە) یە.

**0 – 2 / هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە:** تابۆ، بەشێكی گرنگی فەرهەنگی زمان و ژیانی ڕۆژانەی قسەكەرانی هەر زمانێكە، بە جیاوازیی كلتور و ئاستی ڕۆشنبیری و جیهانبینیی تاك و كۆمەڵ. بۆیە بە باشمانزانی لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی تابۆ لە زمانی كوردیدا ئەنجام بدەین و لە ڕوانگەی بیر و جیهانبینیی كوردەوە لێیبكۆڵینەوە.

**0 – 3 / سنوری لێكۆڵینەوەكە:** لێكۆڵینەوەكە لە سنوری زمانەوانیی دەرونیدایە، كە لقێكە لە زمانەوانیی كارەكی.

**0 – 4 / گرنگیی لێكۆڵینەوەكە:** بەپێی زانیاریی ئێمە، تا ئێستا، تابۆ لە ڕوانگەی كلتور و لایەنی كۆمەڵایەتییەوە لێیكۆڵراوەتەوە و لە سنوری زمانەوانیی كۆمەڵایەتیدا، كاری بە پێزی لەسەر كراوە، بەڵام لە زمانەوانیی دەرونیدا لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە. ئەمە یەكەم لێكۆڵینەوەیە كە لە لایەنی دەرونییەوە لە تابۆ دەكۆڵێتەوە و تابۆ بەبیری قسەكەرەوە پەیوەست دەكات.

**0 – 5 / گریمانەی لێكۆڵینەوەكە:** گریمان جیهانبینیی تاكی كورد، جهانبینییەكی سێكسییە.

**0 – 6 / ئامـانجی لێكۆڵینەوەكـە:** ئامـانج لـە لێكۆڵینەوەكـە، سـەلماندنی گریمانـەی لێكۆڵینەوەكەیـە. هـەوڵ دەدەیـن لـە لایەنی تیۆری و نمونەكانەوە ئەمە بسەلمێنین.

**0 – 7 / ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:** لە پەسنكردن و شیكردنەوەی نمونەكاندا، پەیڕەوی ڕێبازی دەرونی كراوە.

**0 – 8 / كەرەسـتەی لێكۆڵینەوەكـە:** كەرەسـتەی لێكۆڵینەوەكـە نمونـەی دەربڕینـەكانی ڕۆژانـەی ئـاخێوەرانی زمـانی كوردین لە زاری كرمانجیی ناوەڕاستدا.

**0 – 9 / نـاوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكـە:** لێكۆڵینەوەكـە لـە پێشـەكی و سـێ بـەش و ئـەنجام پێكهـاتووە. بەشـی یەكـەم چەنـد ناونیشـانێك لـەخۆدەگرێت، لەوانـە: زمـان، هێمادانـان، زمانـەوانیی دەرونـی، تاكگـەرایی و گونجـان، پەیوەنـدیی نێـوان زمـان و بیـر، زمـان و جیهـانبینی. بەشـی دووەم تایبەتـە بـە تـابۆ، چەنـد ناونیشـانێك دەگرێتـەخۆ، لەوانـە: تـابۆ، جۆرەكـانی تـابۆی زمـانی، تـابۆی سێكسـی لـە فەرهـەنگی زمانـدا، دەربڕینـە داپۆشـەر – وروژێنـەرەكان، هـەژمونی سـێكس، دەوروبـەر و واتـا. لـە بەشـی سـێیەمدا، چەنـد دەقێكـی ئاخـاوتنی ڕۆژانـەی ئـاخێوەرانی زمـانی كـوردی بـە نمونـە هێنراونەتـەوە و لێیانكۆڵراوەتەوە. لە كۆتاییدا ئەنجام و لستی سەرچاوەكان خراونەتەڕو.

**1-1 / زمان**

زمان، گرنگترین داهێنانی مرۆڤە بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی و ئاڵۆزترین سیستەمی پەیوەندیی زارەكییە. بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی هزر و سەرهەڵدان و زیاتربونی پێویستییەكانی تاك و كۆمەڵ هاتۆتەكایەوە. یەكێك لەو لایەنانەی كە سیستەمی زمان دەكات بە دیاردەیەكی ئاڵۆز، ئەوەیە كە زمان لەیەك كاتدا دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و هزری و دەرونیشە. بە دەربڕینێكی دیكە، زمان، دیاردەیەكی فرە ڕەهەندە؛ لەگەڵ ئەوەی كە ڕەهەندێكی كۆمەڵایەتیی هەیە، بە هەمانشێوە ڕەهەندێكی هزری و ڕەهەندێكی دەرونیشی هەیە.

كۆمەڵناسەكان، زمان بە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی دادەنێن. كۆمەڵایەتیبونی زمان، پەیوەستە بە كاریگەری و گرنگیی زمان لە دروستبون پێكهاتەی كۆمەڵدا. زمان، بنەمایەكی سەرەكیی دروستبونی كۆمەڵە و "بەهێزترین هۆكاری پێكەوەبەستنی ئەندامانی كۆمەڵە" (نهر: 1988: 19). ڕۆڵی زمان، لە ژیانی كۆمەڵایەتیی مرۆڤ و كۆمەڵدا و لە ئاڵوگۆڕكردن و گەیاندنی بیر و پەیامەكاندا و لە دروستكردن و تێكدانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، گرنگی و پێویستییەكی هێند حاشاهەڵنەگرە، كە تا ئێستا جێگرەوەیەك بۆ زمان لەلایەن مرۆڤەوە دانەهێنراوە.

زمان، لە سادەترین و بچوكترین، تـا گەورەترین و ئاڵۆزترین كاری ڕۆژانەی مرۆڤدا بەشدارە و ڕۆڵی سەرەكیش دەبینێت. زمان، ناسنامەی كۆمەڵایەتیی تاك و كۆمەڵەكانە، ڕەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و جیهانبینیی تاك و كۆمەڵە. زمان، هەڵگری مێژوی كۆمەڵ و تۆماری مێژوی هزری و كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و كارگێڕی و ...هتد ی كۆمەڵە.

كارلێكی نێوان زمان و كۆمەڵ، بەڵگەیەكی دیكەی سەلمێنەری كۆمەڵایەتیبونی دیاردەی زمانە. مەبەستمان لە كارلێك، كاریگەریی ئاڵوگۆڕی نێوان زمان و كۆمەڵە، ئەمەش دیاردەیەكی هەستپێكراوە. مرۆڤ، بە زمان، ڕوماڵی گشت دیاردە و چەمكە دەرهەست و بەرهەستەكانی دەوروبەر دەكات و هیچ دیاردە و چەمكێك لە دەرەوەی زماندا نییە كە هێمای زمانیی بۆ دانەنابێت (ئەمە جگە لەوەی كە هەندێجار زیاتر لە هێمایەك بۆ دیاردەیەك دادەنێت). لە لایەكی دیكەشەوە هیچ دیاردە و هەست و بیر و چەمكێك نییە كە مرۆڤ نەتوانێت بە زمان دەریانببڕێت و باسیان بكات و بیانگەیەنێت بە كۆمەڵ و دەوروبەری. هەروەها هەمو گۆڕانێك لە ئاستەكانی هزری و ڕۆشنبیری و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ...هتد ی كۆمەڵدا، گۆڕانی زمانی بە دوادا دێت و ڕەنگدانەوەی لە زماندا دەبێت (وافی: 1971: 10). هەر لە بەرانبەر ئەمەیشدا، هیچ یەكێك لەو گۆڕانكارییانە بەبێ بەشداری و هاوكاریی زمان ڕونادەن و زمان هۆكار و ئامرازێكی كاریگەرە لە ڕودانیاندا (موحسین: 2008: 112). ئەم جۆرە كارلێكە لە نێوان زمان و كۆمەڵدا، جارێكی دیكە كۆمەڵایەتیبونی زمان دەسەلمێنن. لە هەمو ئەمانەش گرنگتر، مرۆڤ، زمان لەو كۆمەڵەوە فێردەبێت كە تیایدا دەژیت و گەورەدەبێت، بۆیە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە.

هزریبونی زمان چۆن ڕەنگدەداتەوە؟ بۆ وەرامی ئەم پرسە، پێویستمان بە باسێكی كورتی پەیوەندیی نێوان مێشك و زمان هەیە. ناوچەكانی (پرۆكا) و (ڤێرنیكا) (Broca's Area & Wernicke's Area)لە پێكهاتەی مێشكی مرۆڤدا، بەرپرسی ڕەفتاری زمانن (خرما: 1978: 174)، بەشێكیان پەیوەستە بە تێگەیشتنی زانیاری و هەڵگرتنیان لە مێشكدا (ئەمباركردن)، بەشەكەی تریش بەرپرسی

دەربڕینە. بونی هەر گرفتێك لە خانەکانی ئەم بەشانەی مێشکی مرۆڤ؛ گرفتی زمانییان بە دوادا دێت، ئەمەش لایەنێکی هزریبونی زمان دەخاتەڕو.

لەلایەکی تریشەوە، ڕودانی چەندان چالاکی و کارلێکی هزری لە مێشکدا، بەر لە دەربڕین و ئاخاوتن؛ لایەنێکی تری هزریبونی زمان دەسەلمێنن، چونکە بەر لە ئاخاوتن کۆمەڵێك کردەی هزری لە مێشکدا ڕودەدەن، ئینجا قۆناغی دەربڕین دەستپێدەکات. بەدەر لەمانەش، زمان ڕەنگدانەوەی بیرە و ئامرازی سەرەکی و کارای گەیاندنی بیر و قاڵبی بیر و ئاراستەکەری بیرکردنەوە و ... هتد ی بیرە، جارێکی دی زمان وەك دیاردەیەکی هزری دەخەنەوە ڕو[1]. بۆیە دەڵێین بەڵێ زمان لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دیاردەیەکی هزریشە. پەیوەندیی زمان و بیر، کرۆکی ئەم باسەیە.

دوای ئەوەی کە کۆمەڵایەتیبون و هزریبونی زمان باسکرا؛ کاتی ئەوەیە بپرسین ئایا زمان دیاردەیەکی دەرونییە؟ بۆ وەرامی ئەم پرسە پێویستە باس لە پەیوەندیی و کارلێکی نێوان زمان و دەرون یان باری دەرونی بکرێت.

کاریگەریی باری دەرونی لەسەر زمان، لە سادەترین شێوەیدا، لە بەکارهێنانی زماندا ڕەنگدەداتەوە. کاتێ سەرنجی ئاخێوەر بدرێت لە بارە دەرونییە جیاوازەکاندا، بە ئاشکرا درك بە جیاوازیی شێوازی ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان دەکرێت. بەدەربڕینێکی دی، درك بەوە دەکرێت کە زمانیش بەشێوەیەکی جیاواز، بەپێی بارە دەرونییەکە، بەکاردەهێنێت. لەلایەکی تریشەوە زمان، کاریگەریی لەسەر باری دەرونیی مرۆڤ هەیە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر باری دەرونیی گوێگرەکانمان هەیە. هەروەها دەتوانین بڵێین، کەرەستە زمانییەکان یان شێوازی ئاخاوتن دەتوانێت بارە دەرونییەکان لە ئارامەوە بۆ هەڵچون و ناجێگیر بگۆڕێت و بە پێچەوانەشەوە، کە ئەمانەش جارێکی دیکە کاریگەرییان لەسەر شێوازی ئاخاوتن و زمان دوبارەدەبێتەوە. سەرەتای تێکچونە دەرونییەکانیش لە زمانەوە هەستیان پێدەکرێت و زمان بەشێکە لە چارەسەرە دەرونییەکان. لەمەش زیاتر، زمان ناسنامەی تاك و کۆمەڵە. کەواتە زمان، دیاردەیەکی دەرونیشە.

"زمان، ڕەنگدانەوە و بەرهەمی هزر و کلتور و ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵەیە کە قسەی پێدەکەن" (شەمس: 2013: 3). زمانەوانیی کارەکی، وەك بەشێك لە زانستی زمان، لە هەمو ئەو لایەنانە و چەندان لایەنی دیکەی زمان دەکۆڵێتەوە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەش بەشێکە لێی.

**1 – 2 / هـێـمـادانـان (ناونان)**

هێما، بریتییە لە دانانی شتێك بە نیشانە بۆ شتێکی دیکە، بەمەبەستی ناسینەوە و جیاکردنەوەی. "زمان، گرنگترین و ئاڵۆزترین و وردترین پەیڕەوە کە کەڵك لە هێماکاری وەردەگرێت" (فەتاح: 2011: 49). کرۆکی هێماکاریش لە زماندا بریتییە لە ناونان. "زمانی مرۆڤ، بریتییە لەو پەیڕەوەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاری دەهێنێت، بەکارهێنانی پەیڕەوەکەش بەندە بە توانای داهێنان و لێکدانەوە و بەکارهێنانی هێما" (فەتاح: 2011: 44). مرۆڤ، بۆئەوەی لە خۆی و ژینگە و شتەکانی دەوروبەری خۆی بگات و بتوانێت بەسەریاندا زاڵبێت و بەکاریان بهێنێت و باسیان بکات، ناچاربووە هێمایان بۆ دابنێت، واتە ناویان لێبنێت، ئەمەش بریتییە لەو هێماکارییەی کە سیمایەکی جیاکەرەوەی مرۆڤە و ڕۆژانە ئەنجامی دەدات. بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی هەیە. "هێمادانان، بریتییە لەو کارەی کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناوخۆیاندا پێکبێن، شتێك دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر" (فەتاح: 2011: 40).

داهێنان و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی هێما، بە ڕێککەوتن و پێکهاتنی ئاخێوەرانەوە بەندە، تەنانەت ئەو هێمایانەش کە چەمکێکی تابۆ وەردەگرن، هەر ئاخێوەرانی زمانەکە واتایان پێدەبەخشن و بڕیار لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی و شیاوی و نەشیاویی دەدەن، چونکە "هێما لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ تایبەتییەکی خۆی نییە، لەبەر ئەوە نە جوانە و نە ناشیرین، نە خراپە و نە چاك، نە لەبارە و نە نالەبار، بەڵکو ئەم تایبەتییانە زۆرجار بە هەڵە دەدرێتە پاڵی و پاش ماوەیەك لەخۆشمان دەبێتە ڕاست" (فەتاح: 2011: 41).

**1 – 2 – 1 / گۆڕینی هێما**

بەهۆی هەڵکەوتە و سروشتی زمان و هێماکانی، کە پەیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو، ناو و چەمك، لەزۆربەی هێمازمانییەکاندا پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، هەروەها "ئەو بەهایەی دەدرێتەپاڵ هێمایەك، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر یان لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ" (فەتاح: 2011: 42)، بۆیە وازهێنان لە بەکارهێنانی هێمایەکی دیاریکراو، یان بەردەوامی و

[1] ) بۆ زانیاریی زیاتر، سەرنج لە (1/ 5)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە بدە.

گۆڕینی هێماش کارێکی فرەڕەهەندە و بەلایەنی کۆمەڵایەتی و هزری و دەروونیی ئاخێوەرانەوە پەیوەستە. "هێماکاری بە بڕیاری کۆمەڵ دێتە کایەوە و مانەوەشی بەندە بە مانەوەی ئەو بڕیارەوە و هیچ هێزێکی تر ناتوانێ لەناوی بەرێ ئەگەر لە ڕیزی کۆمەڵەکە خۆی نەبێت" (فەتاح: 2011: 41). بۆیە زۆر ئاساییە کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا هێمایەك بۆ دیاردەیەك بەکاردێت و لە قۆناغێکی دیکەدا ، لە هەمان کۆمەڵ و زماندا، هێمایەکی دیکە بۆ هەمان دیاردە بەکاردێت. بێگومان ئەو گۆڕانەش پەیوەستە بە گۆڕانی هزری و جیهانبینیی ئاخێوەرانی زمانەکە، وەك لە (1-1)دا باسکرا.

**1 – 3 / زمانەوانیی دەروونی Psycholinguistics**

لقێکی زمانەوانیی کارەکییە Applied Linguistics ، لە پەیوەندیی نێوان زمان و دەروونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. هەروەها بەو لێکۆڵینەوە جیاوازانە دەوترێت، کە لە ڕوانگەی دەروونییەوە کار لەسەر زمان دەکەن و لێیدەکۆڵنەوە. (سەعید: 2011: 16 – 18).

زمان، کەرەستە و بوارێکی هاوبەش و بەیەکگەیەنی نێوان زانستی زمان و دەروونناسییە، چونکە زمان یەکێکە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ و دەروونناسیش لێکۆڵینەوەیە لە ڕەفتاری مرۆڤ، کەواتە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری زمانی، خاڵێکی هاوبەشە لە نێوان زانستی زمان و دەروونناسیدا. بۆیە (زمانەوانیی دەروونی، کار لەسەر لایەنە هاوبەشەکانی زانستی زمان و دەروونناسی دەکات و هەوڵدەدات بیسەلمێنێت کە زمان بە ئاوەزی مرۆڤەوە پەیوەستە) (مەحموود: 2012: 41).

ئەم لقە زانستییە، لە ساڵی 1953 لە شاری بلومنگتون، لە ویلایەتی ئەندیانا، ناسێنرا. کۆمەڵێك لە زانایانی دەروونناسی و ئەتنۆلۆژی و زمانەوان، سنور و چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئەم لقەزانستییەیان دیاریکرد. (سەعید: 2011: 18).

**1 – 3 – 1 / سنوری کاری زمانەوانیی دەروونی**

لێرەدا هەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی سنوری کاری ئەم لقەزانستییە، وەك لە سەرچاوەکاندا دیاریکراوە، بخەینەڕو.

پەیوەستییەکی زۆر بەهێز لە نێوان زمان و جیهانی هزر و دەروونی مرۆڤدا هەیە (افیتش: 1996: 301). شیکردنەوەی دەربڕینەکان لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە، یاخود شیکردنەوەی لایەنە زمانیی – دەروونییەکان، بۆ زانینی چۆنیەتیی کارکردنی بیر و دەرخستنی پەسنکردنی تەواوی توانستی زمانی و چۆنیەتیی گەیاندنی بیر، بەشێکی گرنگی کارکردنی زمانەوانیی دەروونییە (مەحموود: 2012: 39). زمانەوانیی دەروونی هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان هزری مرۆڤ و زمانەکەی بدۆزێتەوە (مەحموود: 2012: 36)، بە دەربڕینێکی دیکە، زمان لەسەر چەند بنەمایەکی ئاوەزی و دەروونی شیدەکاتەوە (بشر: ب.س: 49).

لەم کورتەیەی کە باسکرا و بەپێی سەرچاوەکان، دەتوانرێ ئەم خاڵانە بەدیبکرێن:

1. دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان قسەکەر و دەربڕینەکانی. لەم ڕوانگەیەشەوە، زمانەوانیی دەروونی، تاك، وەك نوێنەری گشت سەیردەکات. (مەحموود: 2012: 36).
2. وەرگرتن و فێربونی زمان لای منداڵ، هەروەها توانا و چۆنیەتیی تێگەیشتنی پێکهاتە زمانییەکان و یاساکانیان. (سەعید: 2011: 18).
3. نەخۆشییەکانی دەربڕین و دیاریکردنی هۆکار و چارەسەریان.
4. پلانی ئاخاوتن، کە ئەمانە دەگرێتەوە:
   - أ- هەڵبژاردنی وشە و کەرەستە زمانییەکان.
   - ب- چۆنیەتیی دەربڕینی بیرۆکەکان.
   - پ- چۆنیەتیی هەڵگرتن (ئەمبارکردن – خزن)ی زانیارییەکان و دەربڕینیان.
   - ت- چۆنیەتیی گەڕاندنەوەی زانیاری و دەربڕینەکان، لە کاتی پێویستدا. (بشر: ب.س: 50).
5. چۆنیەتیی تێگەیشتنی گوێگر لە دەربڕاوە زمانییەکان (بشر: ب.س: 50). واتە گرنگیدان بە هەمو ئەو کردە هزری و ئاوەزییانەی کە لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان مێشك و ئەندامانی ئاخاوتنی قسەکەر، هەروەها ئەندامانی بیستن و مێشکی گوێگردا ڕوودەدەن. (الضامن: ب.س: 40).
6. لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری زمانی و ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لێی. (سەعید: 2011: 17). زمانەوانیی دەروونی، لە ڕێگەی وروژێنەر و وەڵامدانەوە (المثير و الاستجابة) لە پرۆسەکانی ئاخاوتندا، لە ڕەفتاری زمانی دەکۆڵێتەوە، هەوڵدەدات

لەو ڕەفتارە زمانییانە وردبێتەوە و سەرنجی ئەو پاشماوە ڕەفتارییانە بدات کە لە قسەکەرەوە بەجێدەمێنن. (مەحموود: 2012: 41)، واتە تێبینیکردن و گرنگیدان بە وەڵامدانەوە و بەدەنگەوەهاتنی بەشدارانی ئاخاوتن.

7. گرنگیدان بە پەیوەندیی زمان بە مێشك و کەسێتییەوە (الضامن: ب.س: 42). زمانەوانیی دەرونی لە پرۆسە و میکانیزمە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە و گرنگی بە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕکردنی بیر دەدات، بەهۆی زمانەوە، لە ڕێگەی چۆنیەتیی کارکردنی پرۆسە ئاوەزییەکان لەناو بیردا و پەیوەندییان بە تۆمارکردن و هەڵگرتنی زانیارییە زمانییەکانەوە (مەحموود: 2012: 41)، بە دەربڕینێکی دیکە، لێکۆڵینەوە لەو کردە هزرییانە دەکات، کە مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتنی ئەنجامیان دەدات (سەعید: 2011: 17 – 18)، واتە زمانەوانیی دەرونی لە ئەرکی زمان، پەیوەست بە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بەرهەمهێنان دەکۆڵێتەوە و ئەرکی زانیارییەکان لە گەیاندنی واتا و بیر و پەیپێبردنەکان دیاریدەکات (مەحموود: 2012: 42).

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش مەبەستیەتی ئەرکی هەندێ لە دەربڕینە تابۆ و وروژێنەرەکان، کە سەرچەمیان زانیاریی زمانین، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی کورددا، دیاریبکات.

**1 – 4 / تاکگەرایی و گونجان**

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەتەنیا ناژی، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستە و کۆمەڵدا بژی، پێویستە خۆی بگونجێنێت و هەندێجار هەوڵبدات کۆمەڵ لەگەڵ خۆیدا بگونجێنێت. "لەپێناوی وەرگرتنی ڕەزامەندیی کۆمەڵ و بون بە ئەندام لە کۆمەڵدا، پێویستە تاك بەپێی ئەو یاسا و چەمك و تێڕوانینانە ڕەفتاربکات کە کۆمەڵەکە دایناون" (شەمس: 2013: 4). ئەندامانی هەر کۆمەڵێك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، پێویستیان بە کۆمەڵێك یاسا هەیە، کە پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکبخات، بۆیە لەسەر چەندین بنەما و یاسا ڕێککەوتون و پەیڕەویان دەکەن و لەسەر ئەو بنەمایانە پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. "بەشێوەیەکی گشتی، تاك، دوجۆر یاسای بەسەردا دەسەپێ و پێویستە پێیانەوە پابەندبێت، جۆرێکیان یاسا نوسراوە فەرمییەکانی دەسەڵاتە و جۆرەکەی دیکەشیان یاسا کۆمەڵایەتی و نەریتەکانی کۆمەڵن، کە زۆربەیان نەنوسراون" (سلمان: 1985: 98)، هەموشیان بەرهەمی بیری مرۆڤن. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، تاك خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و زۆرجار هەوڵدەدات بونی خۆی وەك تاکێکی جیاواز لە کۆمەڵدا نیشانبدات، ئەمەش تاکگەراییە. بۆیە "هەرچەندە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا تاکڕەوە و ئارەزوی تاکڕەوی دەکات" (ڕسل: 2006: 115).

مێژوی مرۆڤایەتی ئاماژە بەوە دەدات کە ژیان ململانێیە لەپێناو پاراستنی خود، یان ململانێیە لەنێوان سەلماندن و پاراستنی ناسنامەی تاك و ئارەزوی پاراستنی ئەندامێتی لە کۆمەڵدا، هەروەها کۆمەڵ بە هۆکار و ڕێژەی جیاواز، بەسەر زۆر لایەنی گرنگی ژیانی تاکدا زاڵە. (القذافی – الدویبی: 2010: 256). چۆنیەتیی هاوسەنگیڕاگرتن و گونجاندن لەنێوان تاکگەرایی و بەرزەفتکردنی کۆمەڵایەتیدا، کردەیەکی ئاڵۆز و بەردەوامە. بە شێوەیەکی گشتی، تا کۆمەڵ، لەڕێی یاسا و نەریتەکانییەوە، زیاتر کۆت و بەند بەسەر ئەندامەکانیدا بسەپێنێ؛ هەستی ئەندامێتیی تاك لاوازتر دەبێت. (شەمس: 2013: 7).

تاکی سەرکەوتو، ئەو کەسەیە کە هاوسەنگی لە نێوان تاکگەرایی و گونجاندا دەهێنێتەئاراوە. بریتییە لەو تاکەی لە سەنتەری کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵێکدایە، چونکە ئەگەر تاکێك تاکگەراییەکەی زاڵ بێت، ئەوا تاکێکی ناچیزەی نامۆی نەویستراوی کۆمەڵی لێدەردەچێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خۆگونجاندن و هەڵکردنی زاڵ بێت، ئەوا تاکێکی ونبوی نێو هەڵکردنەکانی ناو کۆمەڵی لێدەردەچێت. (فەرەج: 2011: 57).

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە و گرنگە باسبکرێت، ڕۆڵی زمانە، چونکە شێواز و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان لە ئاخاوتنەکاندا، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و تێڕوانینەکانی ئاخێوەران و ئەندامانی گروپ و کۆمەڵەکان، چونکە تاك، بەمەبەستی جێخۆشکردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان خۆی و کۆمەڵدا، پێویستی بە خۆگونجاندن هەیە. دەربڕین و بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆکانیش هەژمونیان بەسەر ئەم پەیوەندییانەوە هەیە، چونکە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان، ئامرازێکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە بۆ بنیادنانی ناسنامەی تاك و دروستکردنی ڕای خەڵك یان ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ لەسەر تاك. لەلایەکی دیکەوە "بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کاریگەرە بە شارستانی و نۆڕم و

بیروباوەڕ و لایەنە ئاوەزییەکان و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتیی ڕوانینی خەڵك بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، هەمو ئەمانە لە شێوەکانی دەربڕیندا دەردەکەون و سیمایەکی تایبەتی پێدەبەخشن" (فەرەج: 2011: 8).

**1 – 5 / پەیوەندیی نێوان زمان و بیر**

پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و حکومڕانییان، بابەتێکی نوێ نییە و دەمێکە سەرنجی بیرمەندان و زمانەوانانی ڕاکێشاوە و قسە و توێژینەوەیان لەبارەوە کردووە و بیروڕای جیاوازیشیان لەسەر خستۆتەڕو. هەندێکیان پێیانوایە زمان و بیر دو شتی جیاوازن و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، هەندێکیشیان وای بۆدەچن کە دو شتی جیاوازن، بەڵام پەیوەندی و پەیوەستییان بەیەکەوە هەیە، کۆمەڵێکیشیان وای دەبینن کە هەردوکیان یەکن.

ئەفلاتون پێیوابووە، کە لە کاتی بیرکردنەوەدا، دەرون یان گیانی مرۆڤ، لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت. (باطنی: 1390: 133).

ساپیر: زمان، تەنیا ڕەنگدانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەندێك تایبەتمەندیی دەرونیی قسەکەرە، لەهەڵبژاردنی وشە و دەربڕین و دروستەی ڕێزمانیدا، بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە پەیامەکە و واتاکەی کە هەڵیگرتووە. (داود: 2009: 242 - 243).

ساپیر - وۆرف: زمان، دەستی لە سنوردارکردن و لێکدان و پێکهێنانی بیری باودا هەیە. (عەلی: 2011: 20).

هێردەر پێیوایە، خودی بیر بەبێ زمان بونی نییە، واتە ناتوانرێ بیری کەسەکان بزانرێ، تەنیا لە ڕێگەی زمانیەوە نەبێت. (غلفان: 2010: 49).

بیرکردنەوە، ئاڵۆزترین جۆری ڕەفتاری مرۆڤە و کردەیەکی دەرهەستە، تا نەخرێتە ناو بۆتەیەکی زمانییەوە، هەستی پێناکرێت. هەروەها هزر نابێتە ڕاستییەکی هەستپێکراو، کە بۆ بەکارهێنان و گۆڕینەوە بشێت، تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە نەبێت. کەواتە پەیوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز لە نێوان زمان و بیردا هەیە، چونکە زمان ئەو بۆتەیەیە کە بیری تێدا دادەڕێژرێت و بیریش ئەو ناوەرۆکەیە کە بۆتە زمانییەکە دەیگرێتەخۆ. (شەمس: 2013: 36 - 38).

زمان، هزر دەکات بە ڕاستییەکی بەرجەستەکراو (حقیقة ملموسة)، کە بەبێ زمان توانای بەکارهێنانی نابێت. (جعفر: 1971: 104).

ئاخێوەری هەر زمانێك، دەکەوێتە ژێر هەژمونی ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکات، چونکە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی بەسەردا دەسەپێنێ. (داود: 2009: 244).

بۆیە دەڵێین: مرۆڤەکان، لە کات و شوێن و باری دەرونیی ئاساییدا، هاوشێوەی بیرکردنەوەیان قسەدەکەن و بە دەربڕینەکانی بەرانبەرەکانیشیان کاریگەر دەبن. "بیری قسەکەر و گوێگر، بەبێ زمان، بەیەکناگەن. قسەکەر، هەمو بیرەکانی دەخاتە ناو بۆتەی وشەکانییەوە و گوێگریش هەمو وشە بیستراوەکان دەگۆڕێت بۆ بیر، واتە وشە بیستراوەکان چەند بیرێکی لا دەوروژێنن. بە دەربڕینێکی تر، زمان دەبێتە هۆی گواستنەوە و وروژاندنی بیر و سەرهەڵدانی هزری تازە لای گوێگر". (شەمس: 2013: 36). "بیرکردنەوە پێویستی بە بۆتەیەك هەیە کە شارەزایی و زانیارییەکانی مرۆڤی تێدا ڕێکبخرێت، ئەو بۆتەیەش زمانە، کە ئەم ڕێکخستنە ئەنجام دەدات" (داود: 2009: 33). واتە ناتوانرێ هەست بە بیرکردنەوە بکرێت تا ئەو کاتەی دەخرێتە ناو بۆتەیەکی زمانییەوە، چونکە بیرکردنەوە خۆی ڕەفتار و کردەیەکی نادیارە. واتە دەربڕینە زمانییەکانمان هەڵگری بیرەکانمانن و زادە و ڕەنگدانەوە و گوێزەرەوە و دەربڕ و هەڵگری ئەو تێگە (چەمك) و بیروبۆچون و تێڕوانینانەن کە لە هزرماندان. بۆیە دەتوانرێ زمان بە پێوەرێکی شیاوی هزر و ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵ دابنرێ، چونکە دەربڕ و ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و کلتور و ئەزمونەکانی کۆمەڵە. کەواتە بیر، هەژمون و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان هەیە. لە هەمو ئەو ساتانەشدا کە دەربڕینێکی زمانی، بۆ یەکەمجار بیرێکمان لا دروست دەکات، یان شتێکمان بیردەخاتەوە، ئەمە کاریگەری و هەژمونی زمانە لەسەر بیر. بە دەربڕینێکی دیکە، کاتێك گوێگر بە دەربڕینەکانی قسەکەر کاریگەر دەبێت و دەبن بە سەرچاوەی دروستبونی تێگەی نوێ لە هزری گوێگردا و کاریگەری لەسەر تێڕوانین و بیروبۆچونەکانی دەبێت، کاریگەریی زمان لەسەر بیر دەردەخات. ئەمەش لایەنێکی ئەم توێژینەوەیە.

بەمەبەستی وردبونەوەی زیاتر، پوختەی تیۆر و بۆچونەکان لەسەر پەیوەندیی زمان و بیر دەخەینەڕو:

**1 – 5 – 1 / دابڕانی ڕەها – ڕەهایی زمان و بیر**

ڕینیە دیکارت و هێنری بێرگسۆن، لە داهێنەر و هەڵگرانی ئەم تیۆرییەن، کە هەر پەیوەندی و پەیوەستییەك لەنێوان زمان و بیردا ڕەتدەکەنەوە، واتە زمان کاریگەریی لەسەر بیر نییە و پێشی کاریگەر نابێت؛ بەهۆی جیاوازییان لە سروشت و کاریاندا. پێیانوایە زمان، تەنیا بۆتەی بیرە، وەك دەفرێك بۆ شلەمەنییەکەی ناوی، یان ئامرازێکی بەرهەستکەری بیرە، کە بیر، بۆ باسکردنی خۆی

بەكاریدەهێنێت. ئەم تێڕوانینە زمان دەكات بە دو توخمی سەرەكی كە دەنگ و واتان، ئەركی كۆمەڵایەتیی زمان پەراوێز دەكات. (داود: 2009: 189 – 191 ، جعفر: 1971: 122).

**1 – 5 – 2 / ڕێژەیی زمان و بیر**

لیڤ ڤیگۆتسكی و جان پیاجیە، لە داهێنەر و هەڵگرانی ئەم تیۆرییەن، پێیانوایە زمان و بیر، سەربەخۆیی ڕێژەییان هەیە، بەڵام پەیوەندییەكی ئۆرگانییان هەیە و كاریگەریی ئاڵوگۆڕیان لەسەر یەكتری هەیە. (جعفر: 1971: 127 ، داود: 2009: 193).

ڤیگۆتسكی پێیوایە، زمان و بیر لە بنەڕەتدا دو پێڕەوی سەربەخۆن، بەڵام دوای تەمەنی دو ساڵی یەكدەگرن و بیری زمانی دروستدەكەن. (داود: 2009: 193). پیاجیەش پێیوایە كە گەشەی زانەكی (معرفی) لای منداڵ، پێش زمان ڕودەدات، هەروەها گەشەی زمان، پشت بە بیر دەبەستێت. (داود: 2009: 194).

بەكورتی، ئەم تیۆرییە لەگەڵ ئەوەی زمان و بیر بە دو پێڕەوی جیا و سەربەخۆی ڕێژەدار دادەنێن، بەڵام دان بە پەیوەندی و كارلێكی نێوانیان دادەنێن.

**1 – 5 – 3 / یەكبونی زمان و بیر (توانەوە)**

فێردینان دی سۆسێر و لودڤیگ ڤیتگنشتاین و جۆن واتسن و مۆریس میرلۆ پۆنتی و جولیا كریستیڤا، لە داهێنەران و هەڵگرانی ئەم تیۆرییەن. پێیانوایە هیچ جیاوازییەك لە نێوان زمان و بیردا نییە، زمان و بیر یەكن، زمان بیرە و بیریش زمانە. زمان و بیر دو ڕوی دراوێكن، ناكرێ لەیەكتری جیابكرێنەوە. (جعفر: 1971: 124 ، داود: 2009: 199).

سۆسێر دەڵێت: "بیر، بەبێ وشە، هیچ بەها و بونێكی نییە، یان نادیار و لێڵە، بۆیە ناتوانرێ دو بیر بەبێ یەكە زمانییەكانیان، لەیەكتر جیابكرێنەوە" (داود: 2009: 199 – 200)، وەك ماستاوكردن و ڕێزگرتن، یان ڕێزگرتن و پیرۆزكردن. هەروەها پێیوایە زمان و بیر دو ڕوی دراوێكن، ئەگەر دیوێكی بدڕێنرێت، دیوەكەی دیكەشی دەدڕێت. (داود: 2009: 200).

كریستیڤا دەڵێت: "ئەگەر زمان جەستەی بیر بێت، ئەوا بیریش گیانی زمانە. بەم پێیە لە ئامادەنەبونی یەكێكیان ئەویتریان ناژی" (داود: 2009: 199). ڤیتگنشتاینیش پێیوایە زمان بیرە و بیریش زمانە. بەبێ زمان، بیر نییە و بەبێ بیریش زمان واتای نییە. هەروەها زمان، ئامرازێكی بەرهەستە، لەڕێگەیەوە بیرەكانمان دەردەبڕین، (داود: 2009: 200)، بێگومان بیرەكانیش هەستپێكراو نین. ڕەفتارییەكانیش پێیانوایە كە "زمان و بیركردنەوە یەك شتن". (سلیمر: 2009: 192)، لەوانە (واتسن J.B. Watson)، كە یەكێكە لە پێشەوایانی قوتابخانەی ڕەفتاری، پێیوایە بیركردنەوە و ئاخاوتن یەك شتن. (باطنی: 1390: 133).

ئەوان پێیانوایە ئاخاوتن ڕوخساری دەرەوەی واتایە و ئامادەیی بیرە لە جیهانی بەرهەستدا، هەروەك چۆن بیر وێنەی ناوەوەی ئاخاوتنە. (داود: 2009: 201). میرلیۆ پۆنتی، باس لە یەكبونی زمان و بیر دەكات و ئەو وێنا فەلسەفییانەی كە لەسەر بنچینەی دوانەیی (زمان – بیر یان دەرەوە - ناوەوە) بنیادنراون، ڕەتدەكاتەوە. پێیانوایە پێویست نییە باس لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر بكرێت، چونكە پێویست ناكات پرسیار لەبارەی (پەیوەندیی شتێك بە خودی خۆیەوە) بكرێت. (داود: 2009: 202).

لەم بۆچون و تێڕوانینەی سەرەوە و وەك لە پێشتریش باسكرا، زمان و بیر پەیوەستن بەیەكەوە و لە كارلێكی بەردەوام دان. واتە پەیوەندیی نێوان زمان و بیركردنەوە، پەیوەندییەكی كرۆكی و كارلێكی ئاڵوگۆڕە، لە ڕوی كاریگەری و كارتێكردنەوە هەردوكیان كارلەیەكتری دەكەن و بە یەكتریش كاریگەر دەبن و یەكتریش دادەڕێژن (داود: 2009: 218 ، شەمس: 2013: 38). لەم توێژینەوەیەدا پشت بە بۆچون و تیۆری دووەم (سەربەخۆیی ڕێژەیی) دەبەستین و هەوڵدەدەین كاریگەریی زمان و بیر لەسەر یەكتری ڕون بكەینەوە و نمونەش بە تابۆ سێكسییەكان دەهێنینەوە.

**1 – 6 / زمان و جیهانبینی:**

جیهانبینی (دنیابینی – الرؤیا)، بریتییە لە كۆی ڕەفتار و بیركردنەوە و تێڕوانین و لێكدانەوە و شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنەكانی (تاك / كۆمەڵ) بۆ ڕوداو و دیاردەكانی دەوروبەر و ژیان و هەستەكان بۆ داهاتو، كە لە ژینگەی كۆمەڵایەتی و كلتور و باری دەرونیی (تاك / كۆمەڵ)ەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەمبۆڵت Humboldt پێیوایە زمان، پێوەندیی نێوان مرۆڤ و جیهانە و شێوەبەخشە بە بیر و كەسێتیمان (عارف: 2012: 6).

ئایا جیهانبینییەكی ئاینی یان مادی و دنیایی هەیە؟ ئایا جیهانبینییەكی مرۆڤدۆستی هەیە، یان مرۆڤكوژ و مەرگدۆست؟ ئایا جیهانبینییەكەی لە هێز و دەسەڵات و پلەوپایەوە سەرچاوە دەگرێت، یان لە هاوكاری و یەكسانییەوە؟ ئایا دنیابینییەكەی لە نەرمی و نیانییەوە بنیادنراوە، یان لە توندوتیژی و زەبروزەنگەوە؟ ئایا لە جەستە و سێكسەوە سەیری دنیا و ژیان دەكات، یان لە دەرون و

گیانی مرۆڤ و سروشتی شتەکانەوە؟ لە چ ڕوانگەیەکەوە لە مرۆڤ و ژیان دەڕوانێت؟ ... هەمو ئەمانە لە زماندا ڕەنگدانەوەیان هەیە و زمانیش ڕۆڵی کارای لە گەیاندنیاندا هەیە، هەروەها هەژمونی زمان لە دوبارە بنیادنانەوە و دروستکردنی جیهانبینیدا بەڕونی دەردەکەوێت. بۆیە مالینۆڤیسکی Malinowski دەڵێت: زمان، بەشێکە لە ئاوەز و بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ (عارف: 2012: 6).

ئەو (تاك / كۆمەڵ) انەی کە جیهانبینییەکی ئاینیان هەیە، لە دەربڕینەکانیاندا دەربڕاوە ئاینییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنن، ئەوانەیش کە جیهانبینییەکەیان لە سێکسەوە سەرچاوەی گرتووە، دەربڕاوە سێکسییەکان زۆر بەکاردەهێنن و لە هەمو دیاردە و بابەتێکدا لێکچوێنێك یان پەیوەندی و پەیوەستییەك لە نێوانیاندا دەبیننەوە، بۆنمونە لە زمانی کوردیدا، ئاخێوەری زمانی کوردی لە هەر شت و کەلوپەلێك کە جوتێك بن یان بچنە ناو یەکترەوە لێکچواندنێکی سێکسییان بۆ دەکات و سەرەڕای ناوی تایبەتی خۆیان، ناو یان خەسڵەتی (نێرە و مێیە)یان پێدەبەخشێت، وەك لەم وێنانەی خوارەوە دەردەکەوێت و لەبەشی داهاتوشدا ئەمە زیاتر ڕوندەبێتەوە.






نێره مێیه نێره مێیه




نێره مێیه









دۆزینەوەی لێکچون و ڕایەڵە و پەیوەندی لە نێوان ئەم کەلوپەلانە و سێکس (بێگومان چەندان کەلوپەل و نمونەی دیکەش)، جگە لە جیهانبینییەکی سێکسی هیچی دیکە نییە.

لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە زمانی هەر کۆمەڵێك، شێواز و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵەکە و تێگەیشتن و تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان و جیهانبینییان دەردەکەوێت. بۆیە (عەلی ئەکبەر شیری و سەید حوسەین سەیدی) دەڵێن: "زمان کلیلی ناسینی مرۆڤەکانە و بەرجەستەکردنی حەقیقەتی مرۆڤ و بوونی ئادەمیزادە" (عارف: 2012: 5).

**بەشی دووەم**

**2 – 1 / تــابـــۆ**

تابۆ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕینە زمانییانەن، کە دەربڕینیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە ، شیاو و ڕێگەپێدراو نییە. "هەندێك لە فۆڕمە زمانییەکان وشەی فەرهەنگین و واتای نەشیاو/ قەدەغەکراویان هەیە، هەندێکی تریشیان لە پەیوەندیی واتاییی نێوان زیاتر لە وشەیەك دروست دەبن" (فەرەج: 2011: 54)، واتە لەو پێکهاتانەی کە لە وشە گەورەترن و بەسەریەکەوە واتایەکی جیاواز لە واتای فەرهەنگیی وشەکانیان دەگەیەنن، هەندێ جار واتایەکی تابۆ بەدەستەوەدەدەن.

ئەو یاسا کۆمەڵایەتییە زاڵ و ڕۆیشتوانەی کە بەرهەمی بیری مرۆڤن و بۆماوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵن و لە هەمان کاتدا چاودێری ئەندامانی کۆمەڵن و پێوەری کەسێتیی تاکن لە ڕوی کۆمەڵایەتی و تاکگەرایی و گونجانەوە؛ هەژمونیان بەسەر کۆمەڵدا هەیە و بەڕێوەیدەبەن. بەپێی ئەم یاسایانە هەندێ دەربڕین، لە سەردەمێکی دیاریکراوی نادیاردا، شیاوی دەربڕین نین یان گونجاو نین یان هەر قەدەغەن، کە دەشێ لە سەردەمێکی دیکەدا وا نەبن. هەندێ دەربڕینی دیکەش، کە هەر هەمان واتا دەگەیەنن، ڕێگەپێدراون و شیاوی بەکارهێنان و دەربڕینن. کەسانی سنوربەزێن یان پەیڕەونەکەرانی ئەم یاسایانە، لادەر و ناچیزە و نەویستراون، چونکە دەربڕینەکانیان تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ هەراسان و دڵتەنگ و ڕیسوا دەکەن.

**2 –1 – 1 / چەمکی تــابــۆ**

تابۆ، بەگشتی، قەدەغەکردنێکی توندی ڕەفتارێکە لە هەر بوارێك لە بوارەکانی چالاکیی مرۆیی لەسەر بنەمایەکی ئاکاری یان ئاینی، کە بەهۆی پیرۆزی یان قەدەغەکراویی ڕەفتارەکەوە دەبێت (http://en.wikipedia.org/)، کە هەمیشە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاك / کۆمەڵ هەیە.

چەمکی تابۆ لە ژیانی ڕۆژانەدا، پانتاییەکی فراوان لە (بابەت و کات و شوێن) داگیردەکات و تاڕادەیەك گشتگیرە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا مەبەست لە تابۆی زمانییە، واتە دەربڕاوە زمانییەکان[2].

**2 – 1 – 2 / چەشنەکانی تــابــۆ**

بەشێوەیەکی گشتی دو چەشن تابۆی زمانی دیاریکراون، کە بریتین لە:

1. تابۆی ڕەها: کە تابۆی یەکلایەنە و بێگومانیشی پێدەوترێت، تەنیا جەخت لەسەر لایەنی نەرێنی دەکاتەوە. بۆنمونە:
   - (.....) خۆی کەسێکی بەدخو و بەدڕەوشتە، پێویست ناکا پاساوی بۆ بهێنیتەوە.
2. تابۆی ڕێژەیی: کە تابۆی دولایەن و لێڵیشی پێدەوترێت، هەردولایەنی ئەرێنی و نەرێنی دەگرێتەوە. (فەرەج: 2011: 66 – 67). بۆنمونە:
   - پێویست ناکا لێی توڕەبیت، (....) کەسێکی نەزانە، ئسلوبی قسەکردن نازانێ .

لە نمونەی یەکەمدا (بەدخو ، بەدڕەوشت) تابۆی تەواون و هیچ گومانێکیان تێدانییە و تەنیا خەسڵەتی نەرێنیی کەسەکە دەخەنەڕو، بەڵام لە نمونەی دووەمدا (نەزان ، ئسلوبی قسەکردن نازانێ)، هەمر پاساوهێنانەوەیە بەمەبەستی بەرگریلێکردنی، هەمر خستنەڕوی لایەنی نەرێنییە. پێویستە بڵێین کە ئاوازەی دەربڕینەکان ڕێژەی تابۆکە زیاتر ڕوندەکاتەوە و مەبەستی قسەکەر باشتر دەخاتەڕو.

**2 – 1 – 3 / جۆرەکانی تــابــۆی زمانی**

لە ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵێکدا، چەمکی تابۆ هەیە، بەڵام بەڕێژەی جیاواز. واتە لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بابەت و ڕێژەی تابۆکە دەگۆڕێت. ناوهێنان و دەربڕینی هەندێ بابەت، وەك سێکس، لە هەمو کۆمەڵێکدا تابۆیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز و دەربڕینی جیاواز. بۆیە (بەکارهێنانی دەربڕاوە تابۆییەکان، پرۆسەیەکی زیندوی سەرجەم زمانە زیندووەکانی کۆمەڵگا چالاکەکانە و هەر جۆرێك لە جۆرەکانی تابۆ، ڕەگێکی قووڵی فەلسەفی و کلتوری و ئاینی و بیروباوەڕی و ئەفسانەیی و باو و ڕۆیشتو و خو ونەریتییان لە ناخی کۆمەڵدا هەیە) (فەرەج: 2011: 64 ، 72).

سەرچاوەکان، پۆلێن و جۆری جیاوازیان لە تابۆ دیاریکردووە کە هەمویان لەیەکەوە نزیکن[3]، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرانەن:

---

[2]) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تابۆ و جۆر و چەشن و بوارەکانی، بڕوانە: فەرەج، شاخەوان جەلال - 2011- تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور- نامەی دکتۆرا- زانکۆی سلێمانی.

[3]) بڕوانە:1- السعران، محمود(1958) اللغة و المجتمع ،2- شەمس، هێمن عەبدولحەمید(2006) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا ، 3- موحسین ، بەهزاد(2008) کۆزمانەوانی- ڕامان 129 ، 4- فەرەج، شاخەوان جەلال(2011) تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور.

1. تابۆی ئایینی: وەك كفركردن و ناوهێنانی پێغەمبەران تەنیا بە ناوی خۆیانەوە و بێڕێزیكردن بە كتێبە ئاسمانییەكان و ... .
2. مردن : باسكردنی مردن بەڕاستەوخۆ، یان یان ڕاگەیاندنی مردنی كەسێك وەكخۆی.
3. نەخۆشی: باسكردن و ناوهێنانی هەندێ نەخۆشیی ترسناك.
4. بێڕێزی و كۆمەڵایەتی: سوكایەتیكردن بە پێگە و پلەوپایەی كەسێك، یان ناوهێنانی هەندێ كەلوپەل، وەك پێڵاو...
5. پیسی: ناوهێنانی هەندێ شت كە لە كۆمەڵدا بێزراون و پاك نین.
6. تابۆی سیاسی: جاش، دیكتاتۆر، خائین، گەندەڵ...
7. شوێن – كات – ژمارە: وەك: چۆڵایی، بن جسر، ناوڕەزان، سەرقەبران، پشت مەكتەب، دۆڵ، ڕەمەزان، شەممە و بوك؟! ، كاتی خراپ، 13، 66، 74، 96، 1، 5 ...
8. تابۆی سێكسی: هەمو ئەو ناو و دەربڕاوانە دەگرێتەوە كە دورونزیك یان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سێكسەوە هەیە. ئەمەش كرۆكی ئەم لێكۆڵینەوەیە. بەبۆچونی ئێمە فراوانترین جۆری تابۆ لە بواری سێكسدایە، كە دواتر باسی دەكەین.

**2 – 1 – 3 – 1 / تـــابـــۆی سێكسی**

بریتین لە هەمو ئەو دەربڕینە زمانییانەی كە تایبەتن بە ئەندامانی زاوزێی مرۆڤ و بونەوەرانی دیكە و پرۆسەی سێكسی بەگشتی، كە ئاخێوەران هەوڵدەدەن لەبەكارهێنان و دەربڕینیان خۆی بپارێزێت. "تێڕوانینێكی گشتی لە كلتورەكانی جیهاندا هەیە، كە لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەن و ئەوە پەیوەندی بە ئەندامانی زاوزێ و كردە سێكسییەكانەوە هەبێت، بە تابۆ لەقەڵەم دەدرێن" (فەرەج: 2011: 80).

سێكس، وەك هەست و غەریزەیەكی بەهێز و كارای مرۆیی، كاریگەرییەكی زۆری لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵ هەیە و پرۆسەیەكی زیندو و چالاك و چێژدارە.

لە هەمو ئاینەكاندا (بەپێی زانیاریی ئێمە)، ئەم پرۆسەیە سنوردارە و بەگوێرەی یاسا ئاینییەكان ڕێكخراوە و ڕێگەپێدانێكی بەرتەسكی هەیە. بەهەمان شێوە و لە ژێر هەژمونی ئایندا، كۆمەڵە ئاینییەكانیش حوكمی زۆر قورسی كۆمەڵایەتییان بۆ داناوە و بووە بە بەشێكی گەورە و بەرچاو لە كلتوری هەر كۆمەڵێكدا و بەشێكی گرنگ لە بیروڕا و جیهانبینیی تاكەكانی كۆمەڵ داگیردەكات. زیاد مەیلدان بەم ئارەزو و غەریزەیە و ڕادەستبون بەم هەستە و پابەندنەبون بە یاسا ئاینی و كۆمەڵایەتییەكان، تاك توشی سزای قورسی ئاینی و كۆمەڵایەتیی كۆمەڵ دەكاتەوە.

بێگومان ئەم لێكۆڵینەوەیە جێگای ئەوە نییە كە باس لە دابەشكردن و شیكردنەوەی كەسێتیی مرۆڤ لە ڕوانگەی (سیگمۆند فرۆید)[4]ەوە بكرێت، كە هەست و نەست چۆن دابەش و دیاریدەكات؛ بەڵام پوختەی بیرەكە ئەوەیە: هەمو ئەو ئارەزو خولیایانەی كە لە ئاگاییدا ناتوانرێ بێنەدی و دەچەپێنرێن، دەبن بە بەشێكی زیندو لە نائاگای مرۆڤدا، كە لە هەر ساتێكی گونجاو یان نائاگادا بۆیان هەیە بێنەوە ئاستی ئاگایی و مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێك ئاراستە بكەن. یەكێك لەو ڕەفتارانەش بەكارهێنانی زمانە، كە دەربڕی ناخ و هەست و نەستە و ڕەنگدانەوەی بیرە، وەك لە (1 – 5)دا باسكرا.

**بە حوكمی ئەوەی كە:**

1. ئاین فشارێكی زۆر دەخاتەسەر پرۆسەكە و زۆر جەختی لێدەكاتەوە و زۆر سنورداری دەكات، زۆر هەوڵی بەرزەفتكردن و چەپاندنی دەكات.
2. غەریزەكە خۆی هەژموندار و بەهێزە، زۆرجار بەسەر بیر و هۆشی مرۆڤدا زاڵدەبێت.
3. خودی مرۆڤ ئامادەیی هەیە بۆ ئارەزوكردن و ئەنجامدانی پرۆسەكە و زۆرجاریش ڕادەستبون بەم هەستە. وایكردووە كە بەشێكی فراوان و گرنگی هزری مرۆڤ داگیربكات بەهەردو بەشی ئاگا و نائاگاوە (هەست و نەست: الشعور و اللاشعور).

---

[4] ) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صالح، قاسم حسين(1987)، الانسان من هو؟ جامعة بغداد.

تەنانەت وایکردووە کە تاڕادەیەکی زۆر ببێت بە بەشێکی فراوان لە جیهانبینیی مرۆڤ، واتە مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەو هەست و پرۆسەیەوە دەڕوانێتە ژیان و دەوروبەری. بۆیە لە بینین و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەر ڕوداو و دیاردە و شتێك، دەیبەستێتەوە بە لایەنێکی سێکسی و ڕایەڵەیەکی پەیوەست یان پەیوەندی لە نێوان سێکس و شتەکەدا دەبینێتەوە و دەربڕاوێکی تابۆی بۆ بەکاردەهێنێت، یان بە شێوازێکی دیکە دەریدەبڕێت.

**2 – 2 / تـــابـــۆی سێکسی لە فەرهەنگی زماندا**

بەگوێرەی ئەوەی پێشتر باسکرا، تابۆی سێکسی فراوانترین و دیارترین و هەستیارترین جۆری تابۆیە و لەهەمو کۆمەڵێکدا، بەڕێژەی جیاواز، هەمان چەمکی تابۆی هەیە و پەیوەندیشی بە بار و ڕادەی شارستانی و ژیارییەوە نییە. (قەدەغەکردنی هەندێ دەربڕین و ڕێگەدان بە جێگرەوەکانیان، تەنیا بە کۆمەڵە هۆڤی و سەرەتاییەکانەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە هەمو کۆمەڵەکاندا هەیە، لە هەر پلەیەکی پێشکەوتن و شارستانیدابن. هەروەها ترسان لە هەندێ ڕۆحیانەت و هێزی نادیار و پلەوپایەی پیرۆز و ڕیسوایی هەندێ کار، هۆکاری سەرەکیی بە تابۆبونی هەندێ دەربڕینن لە هەر کۆمەڵێکدا، چونکە تێڕوانینی خەڵك وایە کە ئەمانە ژیانی کومەڵ بەڕێوەدەبەن، بە لادان و بەزاندنیان زیانیان بەردەکەوێت. جگە لەمەش هەندێك باوەڕیان وابووە کە هەندێ وشە لە زماندا، هێزێکی ئەفسوناوییان هەیە و هەژمونیان بەسەر ئەوبابەتانەوە هەیە) (السعران: 1958: 77).

لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا، وشە و دەربڕینە سێکسییەکان پانتاییەکی زۆر فراوانیان نییە، بەڵام لە بەکارهێنان و دەوروبەردا ڕوبەرێکی زۆر داگیردەکەن و زۆر زەق دەبنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو وشە و دەربڕینانەی کە تایبەتن بە بواری سێکسی، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ئامادەییەکی ئاساییان هەیە وەك هەر زمانێکی دیکە، تەنانەت لەو بوارەدا هەژاریشە، بەڵام وشە و دەربڕینی دیکە، کە لەبنەڕەتدا پەیوەندییان بە سێکسەوە نییە و لە کێڵگە واتاییەکەشیدا نین؛ کەچی قسەپێکەرانی زمانی کوردی واتایەکی سێکسییان  پێدەبەخشن. واتابەخشین بە هێماکان لە (1 - 2)دا باسکرا، کە ئاخێوەرانی هەر زمانێك، بەشێوەیەکی گشتی، خۆیان واتا بە هێماکانیان دەبەخشن.

وشە و دەربڕینە سێکسییەکانی زمانی کوردی، وەك هەر زمانێکی دیکە، بریتین لەو ناوانەی کە تایبەتن بە ئەندامانی زاوزێ و کردەی سێکسی و ئەو شت و کەلوپەلانەیش کە پەیوەندییان پێوەی هەیە، کە ئاخێوەری زمانی کوردی لە کۆمەڵەوە فێریاندەبێت و دەیانزانێت و بەپێویست نازانرێ کە لێرەدا ناویان بهێنرێ، بەڵام هەندێ لەو کەرەستە و دەربڕینانە دەخەینەڕو، کە لە بنەڕەتدا واتای تایبەت بە خۆیان هەیە و بە بواری سێکسەوە پەیوەست نین، بەڵکو لە ئاخاوتن و دەوروبەری تایبەتدا واتای سێکسی وەردەگرن، یاخود بە واتای سێکسی بەکاردەهێنرێن، کە دواتر نمونە بۆ هەندێکیان دەهێنینەوە.

**2 - 2 – 1 /  ناو**

سەر ، تۆ ، ئاو ، فڵچە ، عەگال ، کەند ، کەلێن ، خەت ، کون ، سەرەمانگ ، خەیار ، تەماتە ، باینجان ، لیمۆ ، پرتەقاڵ ، بەهێ ...

**2 – 2 – 2 / هاوەڵناو**

لوس، زور (زبر)، پان، بەرین، تەسك، خڕ، درێژ، کورت، ڕەق، نەرم، خۆش، ناسك، تەنك، ئەستور ...

**2 – 2 – 3 / هاوەڵکار**

سەر( بان)، بن (ژێر)، بەر، پشت، پێش، ناو، ناوەند، کن، ڕۆخ...

**2 – 2 – 4 / ژمارە**

یەك ، پێنج ، حەوت ، جوت.

**2 – 2 – 5 / چـاوگ و کردار**

کردن، تێکردن، چەورکردن، تەڕکردن، ڕۆکردن، تێراکردن، پێداکردن، هەڵکردن، جوتکردن، بڵندکردن، لێککردنەوە، فشکردنەوە، ڕاهێنان، بادان، خستنەناو، لەناونان، تێنان، پاڵنان، دەرهێنان، لێدان، لێخشاندن، لێبردن، تێخستن، تێچەقین، گەیشتن، چون، گرتن، هەڵگرتن، مژین، سواربون، گەستن، گوشین، تێربون، لەرزین، لەرینەوە، گەوزاندن، سڕینەوە، بڕینەوە، دەستبردن، دان، داکەندن، داهاتنەوە، تێدابون، درێژبون، هەستان، هێشان(دێشێ)، پێکەوتن ...

هەندێك لە لێکۆڵەرانی زمانی کوردی پێیانوایە کە پێڕەوی کردارەکانی زمانی کوردی، توانای بەکارهێنانی میتافۆڕیانەی هەیە، وەك لە حاڵەتی تابۆ و گەمە زمانییەکاندا دەردەکەوێت (فەرەج: 2011: 7)، زۆربەی کردارەکان لە ئاستی مۆڕفۆسینتاکسدا واتایەکی سێکسی دەگەیەنن (شەمس: 2006: 129). لێرەدا مەبەست لە مۆڕفۆسینتاکس، لابردنی بەرکارە لە ڕستەدا و دانانی جێناوێکی لکاوە لە شوێنیدا، کە هەندێ لە سەرچاوەکان بە (ڕستەی لەناویەکدا شکاوە) ناوی دەبەن. لێکۆڵەری ئەم باسە پێیوایە کە میتافۆر و

ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەق و بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی زمان و ئەدەب و کلتور و یاریی زمانی و مۆرفۆسینتاکس و ڕێزمان و سروشتی زمانیش بە بیر و هزری قسەکەرانی زمانەوە پەیوەستن. هەمو ئەمانەی کە باسکران بەبێ پلانێکی هزری و کردە چالاکییە هزرییە پێشینەکانی بەر لە ئاخاوتن، نایەنە ئاراوە. بۆیە هەرچی ڕودەدات لە هزردا ڕودەدات و لە زمانیشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، هەروەك لە (1-5) لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیردا باسکرا. هەروەها زمانیش کاریگەریی لەسەر هزر دروستدەکات و ئاراستەشی دەکات، کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری.

بۆیە، بەشێوەیەکی گشتی، ئەمە بیری ئاخێوەری کوردە، لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، کە بێجگە لە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی، واتایەکی سێکسیش بە (هەڵگرتن و سەر و کون و تەسك و ...هتد) دەبەخشێت. بۆیە "ئاوەزمەندیی ئاوەزی مرۆڤی کورد، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەکۆدکراوە (Encoding)، بەڕێژەی جیاواز لێکدانەوەی بۆ دەکرێت" (فەرەج: 2011: 116). واتە دەشێ دەربڕاوەکان لەمێشکەوە بە واتایەکی سێکسی یان فەرهەنگی دەربڕێن و گوێگریش بۆی هەیە بە هەریەکێکیان لێتێبگات. هەمو ئەمانەش جیهانبینیی تاك و کۆمەڵ بنیاتدەنێن، کە جیهانبینییەکی سێکسییە و لە سێکسەوە دەڕوانێتە ژیان و دەوروبەری، ئەگەرنا بۆچی بەدوای لێکچون و پەیوەندیی نێوان هەریەك لەو بەشەئاخاوتنانە و سێکسدا دەگەڕێت؟ لەبەرئەوەیە کە لە دەربڕین و بیستنی هەریەکێك لەو دەربڕینانە (ئەستور، تۆ، پشتەوە ، خستنەناو، ...هتد)، بیری بۆ سێکس دەچێت و بە تابۆ دەریدەبڕێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە "زمانی کوردی زمانێکی داڕشتەیی ئاوەزیی پەیوەستە بە کلتور و ئاراستەکانی بیری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە" (فەرەج: 2011: 116)، یەکێك لە ئاراستەکانی بیر ئەو ئاراستە سێکسییەیە کە باسکرا و کلتوریش هەر بەرهەمی بیری کۆمەڵە، بۆیە تابۆکانیش لە ئاوەز بیری تاکی کوردەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەشەوە هەژاریی زمانەکە لەم بوارەدا ڕۆڵ دەبینێت، کە ئەمەش دیسانەوە بە بیری مرۆڤی کوردەوە پەیوەستە، ئەگەر فەرهەنگی زمانی کوردی وشە و کەرەستە و دەربڕینی تایبەتی بە هەر بوارێك هەبێت، بە هەمو وردەکارییەکانی بواری سێکسیشەوە، ئەو کاتە ئاخێوەری کورد پێویستی بەوە نییە کە ئەم وشە و دەربڕینانە بە واتای دیکە (واتای سێکسی) باربکات.

**2 – 3 / دەربڕینە (داپۆشەر / وروژێنەر)ەکان**

بریتین لەو دەربڕاوە یارمەتیدەرانەی کە هاوکاریی ئاخێوەرانی زمان دەکەن بۆ دەربڕینی دەربڕاوەکان دور لە واتا سێکسی و تابۆکانیان، وەك (عەیب نەبێ، بیلا مەعنا، تەشبیهات نەبێ، ... هتد). واتە قسەکەر ئەم دەربڕاوانە دەکات بە "پەرژینی زمانی" (فەرەج: 2011: 110)، بەو مەبەستەی کە گوێگر دڵنیا بکاتەوە کە تەنیا واتای فەرهەنگیی دەربڕاوەکانی مەبەستە، نەك تابۆ. بە دەربڕینێکی دیکە ، قسەکەر دەیەوێت گوێگرەکەی بەرەو واتای فەرهەنگیی دەربڕاوەکان ئاراستە بکات و لە تابۆ و واتای سێکسی دوری بخاتەوە. واتە مەبەستی ئەوەیە واتای تابۆی دەربڕاوەکە داپۆشێت و تەنیا واتای فەرهەنگیی دەرکەوێت. ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە کە کەسێتیی خۆی و گوێگرەکەی لە کاریگەریی نەرێنیی واتای تابۆکە بپارێزێت. ئەمەش دەچێتە ناو چوارچێوەی دوبابەتی دیکەی پەیوەندیدار بە تابۆ، کە (جوانیی دەربڕین[5]) و (بەخشکەیی دەربڕین[6]) ن، بەڵام لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا بواری باسکردنیان نییە. بۆنمونە:

- کاکە ، خەیار کیلۆی بە چەندیە ؟ عەیب نەبی. !

+ 750 ، خوشکم.

ئەمە بەشێکە لە دەقی ئاخاوتنێك، لە نێوان کڕیارێکی ڕەگەزی مێ و فرۆشیارێکی ڕەگەزی نێر، لە یەکێك لە فرۆشگاکانی سەوزە و میوەدا.

دەربڕاوەکانی (کاکە ، عەیب نەبی) لە دەربڕینی کڕیارەکەدا، پێماندەڵێت کە:

1. قسەکەر، گوێگرەکە بە کاکی خۆی دادەنێت، تا (گوێگر / فرۆشیار)، بیری بۆ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکە نەچێت.
2. مەبەستی لە واتای فەرهەنگیی (خەیار)ە ، نەك واتای تابۆ.

دەربڕاوی (خوشکم)، لە دەربڕینی فرۆشیارەکەدا، پێماندەڵێت کە:

1. لەسەر خاڵی یەکەمی (قسەکەر/ کڕیار)، ڕەزامەندە و پەیامەکەی گەیشتووە.
2. مەبەستی دووەمیش گەیشتووە، چونکە (خەیار) بە واتای تابۆ لەنێوان خوشك و برادا بەکارنایەت.

وردەکارییەکانی ئەم ئاخاوتنە لە بابەتی (هەژمونی سێکس)دا درێژە پێدەدەین.

[5] ) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر (جوانیی دەربڕین)، بڕوانە: شاخەوان جەلال فەرەج - 2011- تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور- نامەی دکتۆرا- کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.

[6] ) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر (بەخشکەیی دەربڕین)، بڕوانە: عەلی، بەکر عومەر- 2000 – میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە- نامەی دکتۆرا- کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.

**2 – 4 / هەژمونی سێکس**

مرۆڤەکان، بە شێوەیەکی گشتی، بیرکردنەوەی جیاواز و ڕەفتاری جیاوازیان هەیە، بۆیە زمانیش بە جیاوازی بەکاردەهێنن، تەنانەت "هەرگیز دو کەس نادۆزینەوە کە بە شێوەیەکی تەواو وەکیەك زمان بەکاربهێنن، چونکە هەرگیز هەمان ئەزمون و شارەزاییی زمانییان لە ڕوی چەندی و چۆنییەوە نییە" (هدسن: 1987: 33). بۆیە جیاوازی لە بەکارهێنانی دەربڕین و کەرەستە زمانییەکاندا، بەشێکە لە تایبەتمەندیی تاکەکەس و شێوازی ئاخاوتنی لێبەرهەمدێت، کە ڕەنگدانەوەی کەسێتی و باری دەرونی و ئاستی ڕۆشنبیری و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی مێشك و تەمەن و ڕەگەز و پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ... هتد ی ئاخێوەرە.(شەمس: 2006: 41 – 45).

لەم ئاخاوتنەی سەروە و لەو نمونانەش کە دواتر دەیانخەینەڕو، لەگەڵ ئەو ئاخاوتنانەش کە ڕۆژانە دەیانبیستین، بە ڕادەیەکی زۆر دەربڕاوەکانی (عەیب نەبێ ، بیلا مەعنا ، ... هتد) بەکاردێن، بێگومان قسەکەر بە مەبەستی دورخستنەوەی واتای تابۆ بەکاریاندەهێنێت، بەڵام جێگای خۆیەتی کە دو پرسیاری گرنگ بکەین:

1. لەم کات و شوێن و بابەتەدا (دەوروبەر)، کە هیچ پەیوەندییەکی بە سێکس و کاری تابۆ و نەنگییەوە نییە، بۆچی قسەکەر دەڵێت : عەیب نەبێ؟!
2. بەپێی ئەو بۆچونەی کە زمان کاریگەری لەر بیر دادەنێت و ئاراستەشی دەکات(1 – 5)، کاریگەریی دەربڕاوی (عەیب نەبێ) و هاوشێوەکانی، لەسەر بیری گوێگر چی دەبێت؟

گەر لە پرسیاری یەکەم وردبینەوە، دەبینین لە دو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان پەیوەندی بە (دەوروبەر)ەوە هەیە، بەشەکەی دیکەش پەیوەندیی بە خودی قسەرکەرەوە هەیە. لەئێستادا وەرامی بەشی یەکەمی پرسیارەکە لێدەگەڕێین تا باسی (واتای دەوروبەر) دەکەین. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەش، کە پەیوەندیی بە خودی قسەکەرەوە هەیە، (بۆچی قسەکەر دەڵێت : عەیب نەبێ؟)، دەڵێین : ئەگەر زمان ڕەنگدانەوەی بیر و باری دەرونیی قسەکەر بێت؛ ئەوا بەکارهێنانی دەربڕاوە داپۆشەرەکان بەڵگەی بەهێزن لەسەر ئەوەی کە قسەکەر لەکاتی ئاخاوتنەکە و دەربڕینی ئەم دەربڕاوانەدا واتای تابۆی دەربڕاوەکەی لەبیرە، واتە واتا تابۆیەکە لە بیریدا ئامادەیە. بە دەربڕینێکی دیکە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتنەکەدا، بەئاگایە لەوەی کە دەربڕاوەکەی دو واتای جیاوازی هەیە، یەکێکی فەرهەنگی و یەکێکی بارکراو، پێشیوایە کە واتا بارکراوەکە فراوانتر و زاڵترە لە واتا فەرهەنگییەکە، بۆیە مەستییەتی کە لەڕێگەی ئەم دەربڕاوانەوە (عەیب نەبێ و بیلا مانا و ...هتد)، سەرنج و بیری گوێگر لەواتای تابۆیی دوربخاتەوە، کەدەشێ لەم ئاخاوتنەدا ئەم واتا تابۆییە لەبیری گوێگردا ئامادە نەبێت و لەوانەشە هەبێت، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە قسەکەر خۆی لەم ساتەدا لەبیریەتی. واتە ئەگەر قسەکەر لەم ئاخاوتنەدا واتای تابۆیی دەربڕینەکانی لەبیر نەبێت، دەربڕاوەکانی (عەیب نەبێ و بیلا مانا و ...هتد)، بەکارناهێنێت، کە دەشێ لەبیریشی بێت و بەکاریشیان نەهێنێت، ئەمە بابەتێکی دیکەیە. ئەمە هەژمونی سێکسە لەسەر بیری ئاخێوەری کورد، کە بەم ڕێگایەدا ئاراستەی دەکات و بەردەوام لە بیریدایە (لە ئاگایی و نائاگاییدا). ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی، هەژمونی سێکسە لەسەر بیری قسەکەر و دواتر هەژمونی بیرە لەسەر زمان.

بۆ پرسیاری دووەمیش دەڵێین: زمان ئەو بۆتەیەیە کە بیر و واتای تێدا هەڵگیراوە، واتە دەربڕاوە زمانییەکان بەتاڵ نین و هەڵگری واتان، هەروەك یاکۆبسن دەڵێت: "لەڕاستیدا زمان ئامێرێکە بەمەبەستی دەربڕینی بیروباوەڕەکان ڕێکخراوە" (عەلی: 2011: 14). کاتێك قسەکەر دەربڕاوەکانی (عەیب نەبێ و بیلا مانا و ...هتد)، بەکاردەهێنێت و گوێگر دەیانبیستێت، واتای ئەم دەربڕاوانە دەگاتە بیری گوێگر. واتە دەربڕاوە زمانییەکە دەبێتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەیەکی زۆر خێرا و ورد لای گوێگر ڕوبدات، (کە ئەمە بەشێکە لە چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ)، کە بیرکردنەوەیە لە واتا تابۆکە (عەیبەکە) و لە بیردا ئامادەدەبێت، کە دەشێ لەم دەوروبەرەدا (کات و شوێن و بابەت و ...) واتای تابۆی دەربڕاوەکان لە بیری گوێگردا ئامادە نەبن، بەڵام ئەم دەربڕاوانە دەبنە هۆی ئامادەبونیان. بۆیە لەم بارەدا، ئەم دەربڕاوانەی (عەیب نەبێ و بیلا مانا و ...هتد)، کە قسەکەر بە داپۆشەر بەکاریاندەهێنێت، بۆ گوێگر داپۆشەر نین، بەڵکو وروژێنەرن، چونکە دەبنە هۆکاری وروژاندنی بیری گوێگر بۆ بیرکردنەوە لە واتای تابۆی دەربڕاوەکان. لەبەر ئەمەشە لە ناونیشانەکەدا بە (داپۆشەر / وروژێنەر) ناومان بردون.

**2 – 5 / دەوروبەر و واتا**

زۆربەی لێکۆڵەرانی بواری واتا، لەجۆرەکانی واتادا، باس لە واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی دەکەن[7]:

---

[7] ) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر جۆرەکانی واتا، بڕوانە: 1. محەمەد مەعروف فەتاح (1990)- زمانەوانی. 2. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2004)- واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا- نامەی دکتۆرا- کۆلیجی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین. 3. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (2013)- چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی- ئەکادیمیای کوردی- هەولێر. 4. نورالهدی لوشن (2006)- علم الدلالة (دراسة و تطبیق)- المکتب الجامعی الحدیث- الاسکندریة.

1. واتای سیمانتیکی: بە واتای فەرهەنگیی وشەکانەوە پەیوەستە و لە ئەنجامی پەیوەندیی وشەکانەوە دێتەئاراوە و پەیوەندیی بە توانستی زمانەوە هەیە. (فەرهادی: 2013: 35).
2. واتای پراگماتیکی: لە دەوروبەر وەردەگیرێت، واتە لە دەرەوەی واتای وشە و ڕستەکانەوە دێت و بە چالاکیی زمانەوە پەیوەستە نەك توانست، چونکە پەیوەندیی بە واتای خواستراو هەیە. (دزەیی: 2004: 25)، (فەرهادی: 2013: 35).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەردو جۆری واتاکە باسکراوە، بەڵام ئەوەی زیاتر باسدەکرێت و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، جۆری دووەمە.

بۆ وەرامی بەشی یەکەمی ئەو پرسیارەی کە پێشتر وروژاندمان،( لەم کات و شوێن و بابەتەدا (دەوروبەر)، کە هیچ پەیوەندییەکی بە سێکس و کاری تابۆ و نەنگییەوە نییە، بۆچی قسەکەر دەڵێت : عەیب نەبێ؟! )، پێویستە باس لە دەوروبەر و کاریگەریی لەسەر واتای دەربڕاوە زمانییەکان بکەین، چونکە هەندێك لە زمانەوانان پێیانوایە، وشە لە دەرەوەی دەوروبەردا واتای نییە. (فەرهادی: 2013: 31 ، 58).

دەوروبەر، (سەرجەم ئەو هەلومەرجە زمانی و نازمانییانەیە، کە یاریدەی ڕونکردنەوەی واتای دەربڕاوێکی زمانی دەدات ، لە چێوەی دەقێکی دیاریکراودا) (محەمەد: 2010: 51). بەم پێیە دەوروبەر: بەشدارانی ئاخاوتن (بە هەمو پێکهاتەی کەسێتی و تەمەن و ڕەگەز و باری دەرونییانەوە) و بابەت و کات و شوێنی ئاخاوتن و بیستەر و گوێهەڵخەرانی ئاخاوتن، دەگرێتەوە.

دەوروبەر[8]، لە دیاریکردن و ئاراستەکردنی واتادا گرنگییەکی زۆری هەیە. "بە پێی تیۆری دەوروبەر، زۆربەی وشەکانی زمان، لە ڕووی چەمکی فەرهەنگییەوە، زیاتر لە واتایەکیان هەیە و ئەوەی ئەم واتایانەش دەستنیشان دەکات و جیادەکاتەوە، ئەو دەوروبەرەیە کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە" (فەرەج: 2011: 118)، چونکە "واتای دەوروبەریی وشەیەك، تەنیا یەك واتایە و زیاتر هەڵناگرێت" (زوین: 1986: 185). هەروەها، کاتێك وشە یان ڕستە بە دەوروبەرەوە دەبەسترێنەوە، واتای فەرهەنگیی خۆیان لەدەستدەدەن و بەپێی دەوروبەرەکە واتا وەردەگرن (دزەیی: 2004: 42). ڤیتگنشتاین (Wittgenstein) یش پێیوایە کە "واتای وشە بریتییە لە کۆمەڵێك بەکارهێنانی ئاخێوەران لە زمانی ئاساییدا" (لوشن: 2006: 50). هەروەها دەڵێت: " واتا لە دەوروبەرەوە دیاری دەکرێت، جا دەوروبەرەکە زمانی بێت یان نازمانی(شوێنی)، چونکە وشە بە تەنیا دەشێ گشت واتاکان هەڵبگرێت، بەڵام ئەوە دەوروبەرە کە بەها و واتاکەی یەکلایی دەکاتەوە" (لوشن: 2013: 215). واتە "لێکدانەوەی واتای وشە بە هۆی دەرخستنی چۆنیەتیی بەکارهێنانییەوە دەبێت، چونکە واتای وشە بە پێی ئەو بارە جیاوازانەوە دیاری دەکرێت، کە وشە لە سنوریدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە تەنیا بە بەکارهێنانی وشە، واتاکەی ڕون دەبێتەوە و دیاری دەکرێت" (فەرهادی: 2013: 36). بۆیە لە دەربڕینێکی زۆر کورتدا دەڵێت: "بەدوای واتادا مەگەڕێ، بەڵکوبەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێ" (لاینز: 1987: 34). لێرەدا پێویستە باس لە واتای سیمانتیکی و پراگماتیکیی نمونەی ئاخاوتنەکە و دەوروبەرەکە بکەین:

1. دەوروبەری زمانی و واتای سیمانتیکی: ئاخاوتنەکە لە ڕستەیەکی پرس و ڕستەیەکی هەواڵی پێکهاتووە. وشە و گرێی ڕستەکان (کاکە) (خوشکم)، (خەیار)، (کیلۆ) (بەچەندە) (حەفسەت و پەنجا)، واتای سیمانتیکی و فەرهەنگییان، هیچ پەیوەندییەکیان بە (عەیب و سێکس)ەوە نییە. هەروەها لە پەیوەندیی کەرەستەکانیش بەیەکەوە (تەکنشینی و جێنشینی)، پەیوەندییان بە تابۆ و سێکسەوە نییە.
2. دەوروبەری نازمانی و واتای پراگماتیکی: بەشدارانی ئاخاوتنەکە لە قسەکەر و گوێگر و گوێهەڵخەر پێکدێت، کە هەریەکەیان دەکەونە دیوێکی مێزی سەوزە و میوەکەوە، واتە دورییەکی دیاریکراو لە نێوانیاندایە. ئاوازەی دەربڕاوەکان ئاوازەی ڕستەی پرس و هەواڵین و واتای پێچەوانە و بارکراو هەڵناگرن. کاتەکە ڕۆژە و بەیانییە. شوێن، فرۆشگایەکی سەوزە و میوەیە، واتە شوێنێکی گشتی و کۆمەڵایەتییە، بەهیچ شێوەیەك بۆ مەبەستی (سێکسی و عەیب) ناشێت. واتە لە دەوروبەری نازمانی و واتای پراگماتیکیشدا پەیوەندییەکی تابۆیی ناگرێتەوە.

دیسانەوە دەپرسین دەربڕاوی (عەیب نەبێ)، بۆ؟ ئەگەر واتای فەرهەنگیی وشە و دەربڕاوەکان تابۆ نەبن و دەوروبەر و واتای پراگماتیکیی دەربڕینەکانیش، بەهەمان شێوە، تابۆ نەبن، کەواتە ئەم دەربڕینە، لەم ئاخاوتنەدا، زیادە و گوێگریش دەوروژێنێت. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە لە هزر و بیری قسەکەردا، (خەیار) بە واتایەکی دیکەی جیاواز ئامادەیە، کە واتایەکی تابۆ دەگەیەنێت. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەندیی زمان و بیر(1 - 5)، زمان و جیهانبینی (1 - 6)، هەژمونی سێکس(2 - 4)، کە پێشتر باسکران. واتە سێکس هەژمونی بەسەر بیردا هەیە و بووە بە بەشێکی سەرەکی لە جیهانبینیی تاکی کورددا و لەزمانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەمە

[8] ) بەپێی سەرچاوەکان چەند جۆرێکی دەوروبەر دیاریکراوە، کە لێرەدا بەپێویست نەزانرا دوبارە بکرێنەوە. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: 1. دارا حەمید محەمەد(2010)- هەندێ لایەن لە سیمانتیك و پراگماتیکی کوردی- چاپی یەکەم- چاپەمەنیی ژیر- سلێمانی. 2. شاخەوان جەلال فەرەج - 2011- تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور- نامەی دکتۆرا- کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی. 3. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (2013)- چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی- ئەکادیمیای کوردی- هەولێر.

وەك قسەکەر. لە لایەکی دیکەشەوە دەربڕاوە (داپۆشەر / وروژێنەر)ەکانی وەك (بیلا مەعنا و عەیب نەبێ و ...)ی قسەکەر دەبنە هۆی وروژاندن و بیرکەوتنەوەی تابۆ و بابەتی سێکس لەلای گوێگر. ئەمە لەم چەند نمونە و سیناریۆیەی بەشی سێیەمدا، زیاتر ڕون دەبنەوە.

**بەشی سێیەم**

**3 – 1 /**

ئەم بەشە تایبەت دەکەین بە خستنەڕو و شیکردنەوەی چەند نمونەیەك لە ئاخاوتنی وەرگیراو لە ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی کورد. ئەم نمونانە ڕاستەقینەن و دەشێ زۆربەمان ڕۆژانە لە دەوروبەردا گوێبیستیان ببین و بەکاریشیان بهێنین، بەتایبەت لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە هاوشێوە و جیاوازەکاندا.

**3 – 1 – 1 / بەرگدرو**

شوێن: دوکانی بەرگدرو- ناوبازاڕ

بەشدارانی ئاخاوتن: قسەکەر + گوێگر.

ڕەگەز: نێر

بابەت : بڕین و دورینی ڕانکوچۆغە.

- ڕانکوچۆغەرەك لەو قوماشەی، چەندی تێدەچی و چەندی پێدەچی؟
+ وەڵا لۆ تو، صەتهەزاری تێدەچی و دە ڕۆژی دی وەرە بیبەوە.
- کەمتر ؟
+ برێم چی. شتەکی دیشت خاتردەگرم... ئەتو نەوەتی **بدە، عەیب نەبی**. باشە؟
- باشە سوپاس، دەمەوێ.
+ دەبا قیاست وەرگرم. حەزت لێیە شەروارەکەت **فەڕاح** بی یان **تەسك** ؟ **بیلا مەعنا**.
- با ئیعتیادی بی.
+ .....
- .....
+ دە **عەیب نەبی بسوڕێ** با **پشتەوە**شت قیاسکەم.

لەم ئاخاوتنەدا، واتای فەرهەنگیی هیچ یەکێك لەم دەربڕاوانە (بدە، فەڕاح - پان، تەسك، بسوڕێ، پشتەوە)، تابۆ نییە، تەنانەت لە واتای دەوروبەریشدا، بە هەمان شێوە تابۆ نین، چونکە پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر، ڕەگەزیان، بابەت و شوێن و کاتی ئاخاوتنەکەش دیار و ئاسایین، هەڵگری هیچ واتایەکی بارکراو نین، بەڵام کاتێك گوێگر گوێبیستی (عەیب نەبێ و بیلا مەعنا)ی قسەکەر دەبێت، هەمو ئەو دەربڕاوانە واتایەکی سێکسی وەردەگرن، چونکە وروژێنەرن و دەیسەلمێنن کە لە بیری قسەکەردا، واتا سێکسییەکە بەردەوام ئامادەیە و بەسەر واتا فەرهەنگییەکەشدا زاڵە.

**3 – 1 – 2 / فیتەر**

شوێن: ناوچەی پیشەسازی، دوکانی فیتەرێك.

بەشدارانی ئاخاوتن: قسەکەر و گوێگر و گوێهەڵخەر، لەگەڵ قسەکەرێکی دیکە لە دەرەوەی ئاخاوتنەکە، واتە خۆهەڵقورتێن.

بابەت و جۆری ئاخاوتن: دیاریکردنی شوێن . پەیوەندی تەلەفونی.

کەسێك، ئۆتۆمبیلەکەی هێناوە بۆ لای فیتەر، بەپێی ئاخاوتن و دەربڕینەکانیان، پەیوەندییان بەهێزە و دەربڕینی ناڕەسمی و گاڵتەئامێز بەکاردەهێنن.

فیتەرەکە لە ژێر ئۆتۆمبیلەکەوە خەریکی کارکردنە و لەگەڵ شۆفێرەکەشدا قسە و گاڵتە دەکات. لەو کاتەدا زەنگی مۆبایلی شۆفێرەکە لێیدا:

- ئەلو.
+ ....
- خۆشبی بژی.

+ ....

- وەڵا سەیارەم تێکچووە، ئەوە **لەسەر** فیتەریم.

فیتەرەکە بەدەنگێکی بەرز دێتە ناو ئاخاوتنەکەوە و دەڵێت:

# وەڵا درۆیەدەکا، ئەوە **لە بنەوەیە**.

ئۆتۆمبیل بردنە سەر فیتەر و چونە سەر دکتۆر، واتە (لای ...)، چونە سەر ماڵ و چونە سەر مامۆستا و ... هتد (بە مەبەستی هەڕەشە)، لەو دەربڕاوە ئاسایی و هەمیشەییانەن کە ڕۆژانە بەشێکی زۆر لە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بەکاریاندەهێنن و دەریاندەبڕن، بەبێ گەیاندنی هیچ واتایەکی تابۆ و سێکسی. لەم دەوروبەرەشدا بە هەمان واتای ئاسایی بەکار هاتووە، بەڵام لای قسەکەری خۆتێهەڵقورتێن (فیتەر) ەکە، واتایەکی تابۆی گەیاندووە، بۆیە بەم شێواز و دەربڕینە بەشداریی ئاخاوتنەکە دەکات. لای ئەو، (سەر) و (بن) تەنیا هاوەڵکارێکی شوێنی نین بە واتا فەرهەنگییەکەیان، بەڵکو واتایەکی بارکراوی سێکسییان هەیە. ئەمە پێشینەیەکی هزریی هەیە و سێکس بەردەوام لە بیریدا ئامادەیە. بە شێوەیەکی دیکە، ئەمە ئەو پاشماوە ڕەفتاری و وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکەیە، کە زمانەوانیی دەرونی لێیدەکۆڵێتەوە و گرنگیی پێدەدات.

**3 – 1 – 3 / وێنەگر**

شوێن: کۆلێجێك لە زانکۆ.

بەشداران و ڕەگەزیان: قسەکەر/ خوێندکار / مێ + گوێگر/ وێنەگر / نێر.

بابەتی ئاخاوتن: وەرگرتنەوەی وێنە.

- ئەرێ ڕەسمەکەم تەواو بووە؟

+ بەڵێ ، ئەوەتا لەناو جانتاکەمدایە.

- دەکوا **دەرییێنە، عەیب نەبێ**.

+ حەزەکەی **لەسەرەوە بیت یا لەژێرەوە؟ بیلامانێ**. (کۆمەڵێك وێنەی بەدەستەوەیە).

لەم ئاخاوتنەشدا دەربڕاوەکانی (دەرییێنە ، لەسەرەوە ، لەژێرەوە)، لە واتای فەرهەنگییاندا، هیچ واتایەکی سێکسی هەڵناگرن، لەم دەوروبەرەشدا کە شوێنەکە کۆلێجە و بابەتەکە وێنەیە لەناو جانتادا و وێنەگرەکەش کۆمەڵێك وێنەی لەدەستدایە، ئینجا دەربڕاوەکانی (سەرەوە و ژێرەوە) بەکاردەهێنێت، کەواتە تابۆ نییە. ئەوەی دەیکات بە تابۆ و واتای سێکسی بە دەربڕاوەکان دەدات، تەنیا بیری قسەکەر و گوێگرە، بە بەکارهێنانی (عەیب نەبێ و بیلامانێ) سیما و واتای سێکسییان پێدەبەخشن.

**3 – 1 – 4/ ترشیاتفرۆش**

شوێن : دوکانی ترشیاتفرۆشێك.

بەشدارانی ئاخاوتن : قسەکەر / کڕیار + گوێگر / فرۆشیار.

بابەتی ئاخاوتن : کڕین و کێشانی ترشیات.

- نیوکیلۆ ترشیاتم دەوێ، زەحمەت نەبێ.

+ بەسەرچاو ....(ترشیاتەکەی بەدەستەوەیە، هێشتا خەلەکەی تێنەکردووە)، بەردەوام دەبێت: **ئاوەکەی تێکەم ، عەیب نەبێ**؟

لەم ئاخاوتنەشدا دەربڕاوەکانی (ئاو) و (تێکردن)، لە واتای فەرهەنگییاندا تابۆ نین. مەبەست لە ئاو، ئاوی ترشیاتە، کە خەلە، هەروەها تێکردنیش بە واتای تێکردنی ئەو خەلەیە لە ترشیاتەکە. بەپێی دەوروبەریش واتای تابۆ ناگەیەنن، بەڵام کاتێك گوێبیستی دەربڕاوی (عەیب نەبێ) دەبین، ئەوا دەردەکەوێ کە (ئاو) لە فەرهەنگی مێشکی قسەکەردا واتایەکی سێکسیشی هەیە، کە زۆر لە واتا فەرهەنگییەکەی دورە، و لە کاتی ئاخاوتنەکەدا ئامادەیە و زاڵیشە. دەربڕاوی (ئاو تێکردن)یش بە هەمان شێوەیە. دەربڕاوی (عەیب نەبێ)، ورژێنەری بیری گوێگر و گوێهەڵخەرانی ئاخاوتنەکەیە و وەڵامدانەوەکەشی ئامادەبونی واتای سێکسی دەربڕاوەکانە لای گوێگر.

**3 – 1 – 5 / مریشکفرۆش**

شوێن : دوکانی مریشکفرۆش.

بەشدارانی ئاخاوتن: قسەکەر / کڕیار + گوێگر / مریشکفرۆش + گوێهەڵخەر.

- مریشکەکەت لۆ چاککردم؟
+ بەرێ ، ئەوەتا.
- **سەرەکەت خستە ناوێ، عەیب نەبی** ؟
+ بەرێ بەرێ، **لەناومنا ، تەشبیهات نەبی**.

دەربڕاوی (سەر)، لەم ئاخاوتنەدا، بە واتای سەری مریشك بەکارهاتووە و مەبەست لە (خستنەناو و لەناونان)یش ناو زەرفی عەلاگەیە. نە لە واتای فەرهەنگی و نە لە واتای دەوروبەردا تابۆ نین، کەچی (عەیب نەبی و تەشبیهات نەبی)، ئاخاوتنەکە دەکەن بە دەقێکی سێکسی. قسەکەر، بە ناڕاستەوخۆ، بە گوێگر دەڵێت من مەبەستم لە واتای سێکسی نییە. ئەمەش دیسانەوە هەژمون و ئامادەبونی سێکسە لە بیری قسەکەردا، کە دەبێتە وروژێنەرێکی کاریگەر بۆ گوێگر و بیری دەخاتەوە کە واتایەکی دیکەی فراوان هەیە جگە لە واتا فەرهەنگییەکەیان، کە دەشێ گوێگر لەو ساتەدا لە بیری نەبوبێت، بەڵام بیری دەکەوێتەوە، بۆیە ئەویش دەڵێت (لەناومنا، تەشبیهات نەبی)، واتە ئەویش بە ناڕاستەوخۆ، بە گوێگرەکەی دەڵێت منیش وەك تۆ مەبەستم واتای سێکسی نییە. کەواتە قسەکەر و گوێگر هەردوکیان ئامادەیی واتا سێکسییەکە، لە بیریاندا، بۆ یەکتری دەسەلمێنن.

**3 – 1 – 6 /  سەوزە فرۆش**

شوێن: دوکانی سەوزە و میوە.

بەشداران: قسەکەر / کڕیار (نێر) + گوێگر / فرۆشیار (نێر) + گوێهەڵخەر.

- خەیار کیلۆی بەچەندە؟
+ دوانی بە هەزارە، بەڕێز.
- بەڵام زۆر گەورە و ئەستورن، ئەوە چییە؟!
+ جا تا **گەورە** و **ئەستور** بێ باشترە، **عەیب نەبێ**.

هاوشێوەی نمونەکانی پێشتر، واتای فەرهەنگیی دەربڕاوەکانی (گەورە و ئەستور) تابۆ نین و دو هاوەڵناوی ئاسایین، تا ئەو کاتەی دەربڕاوی (عەیب نەبێ) دەبیسترێ. کڕیار بە دەربڕاوەکانی (گەورە و ئەستور)  پەسنی خەیار دەکات و مەبەستیەتی لایەنی نەرێنیی بخاتەڕو، بەڵام فرۆشیار هەمان دەربڕاو بە لایەنی ئەرێنی دەبینێت و دەڵێت باشترە. بێگومان ئەگەر بە واتای دەوروبەر لێکبدرێتەوە، خەیاری لەم شێوەیە، بەگشتی، باش نییە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی کە ئەم پەسنە لای فرۆشیارەکە پەسنی خەیار نییە و بیری لای بابەتێکی سێکسییە، خەیارەکەش و پەسنەکەشی بە واتای تابۆ دەخاتەڕو، بۆیە بە دەربڕاوی (عەیب نەبێ) مەبەست و بیری خۆی دەردەخات.

**3 – 1 -7 / ئاسنگەر**

شوێن: ناوچەی پیشەسازی، دوکانی ئاسنگەرێك.

بەشداران: قسەکەر و گوێگر.

بابەتی ئاخاوتن : کڕینی بۆڕی.

- وەستا گیان، دو بۆڕیی مەترونیویم دەوێ. یەکیان **ئەستور**تر بی، **بچنە ناو**یەك.
+ برێ **عەیب نەبی** مامۆستا.
- برا، ئەمن باسی بۆڕی دەکەم، **عەیب نەبیی** لۆچییە؟!
+ ئاخر مامۆستا بەخوای زمانی کوردی زۆر بە مەعنایە.
- هەئهوووو. کاکە ئەگەر هەتە **بمدێیە**، ئەو قسانەی ناوێ.
+ (بە پێکەنینەوە) ، بەخوای **بمدێیە**ش هەر **عەیب نەبیی** دەوێ، مامۆستا!
- ئەوە نەمەویست.

بەگوێرەی ئەم ئاخاوتنە، دەربڕاوەکانی (ئەستور و چونەناو)، لای قسەکەر (مامۆستا)، بە واتای فەرهەنگیی خۆیان بەکارهاتون و پەسنی (بۆڕی) دەکەن و هیچ سیمایەکی سێکسییان نییە، بەڵام لای گوێگر (ئاسنگەر)، وانییە؛ پێدەچێت ئەم دەربڕاوانە وروژێنەربن بۆ گوێگر و وەڵامدانەوەکەشی دەبڕاوی زمانیی (عەیب نەبی)یە. یان هەژمونی سێکس لەسەر بیری گوێگر ئامادەیە و

واتایەکی سێکسی بە دەربڕاوەکانی زمانی کوردی دەبەخشێت. (بمدێیە) کردارێکی داخوازییە، بەهەردو واتای فەرهەنگی و دەوروبەریش، کە دوکانە و بابەتی ئاخاوتنەکەش (بۆڕی)یە، واتایەکی سێکسی ناگەیەنن. ئەمە هەژمون و ئامادەیی سێکسە لە بیری ئاخێوەردا، کە لە زمان و هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان و تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەربڕاوە زمانییەکاندا، ڕەنگدەداتەوە. پاشماوە و لێکەوتەی ئاخاوتنەکەش جێهێشتنی شوێنی ئاخاوتنەکە و کۆتاییهێنانە بە ئاخاوتنەکەیە لە لایەن قسەکەرەوە، بەبێ گەیشتن بە ئەنجام.

**3 – 1 – 8 / بۆیەچی**

شوێن : قوتابخانەیەك دوای نۆژەنکردنەوەی.

بەشداران : قسەکەر / بەڕێوەبەری قوتابخانە و گوێگر / بۆیاغچی + گوێهەڵخەر

- وەستا، ئەو لادیوارە، ئێستاش پیسییەکەی پێوەدیارە.

+ باشە مامۆستا گیان، خەمت نەبی، دو **فرچەی لێدەخشێنم عەیب نەبی،** هەموی دادەپۆشیتن.

بەپێی دەربڕینی (عەیب نەبی)، دەردەکەوێت، کە (فڵچە) و (لێخشاندن) لای قسەکەر، واتای تابۆیان زاڵە.

**3 – 1 – 9 / دارتاش**

شوێن: دارتاشخانە.

بەشداران: قسەکەر (مێ) و گوێگر (نێر) / دارتاش.

بابەتی ئاخاوتن : دروستکردنی کاوەنتەر.

- .....

+ .....

- بەس توخوا دەسکی جوان و چاکم بۆ تێخە.

+ بەسەرچاو، خەمت نەبێ، ئی جوان و **چاکت بۆ تێدەخەم، عەیب نەبێ**.

لە دەربڕینی (بەس توخوا دەسکی جوان و چاکم بۆ تێخە)دا، (جوان و چاك) دو هاوەڵناون، پەسنی (دەسك) دەکەن، واتە دیارخەرن، بەڵام بە پێی ئاوازەی دەربڕاوەکانی (دارتاش)ەکە، کە هێز و ئاوازەی زیاتر دەخاتە سەر (چاك)، ئەوا لە هاوەڵناوەوە دەیکات بە هاوەڵکارێکی چۆنیەتی (چاکتێخستن)، کە پەسنی تێخستنەکە دەکات. ئەمەش دەریدەخات کە واتای سێکسی و تابۆی دەربڕاوەکان لە بیری قسەکەردا ئامادەیە و زاڵیشە بەسەر واتای فەرهەنگیدا. کاتێك دەربڕاوی (عەیب نەبێ) دەردەبڕێت، جارێکی دیکە دەیسەلمێنێت کە واتا سێکسییەکە لە بیریدا هەیە، بەڵام دەیەوێ بە گوێگر بڵێ ئەو واتایەم مەبەست نییە. ئەمەش دیاریکردنی هێلی گەڕانەوەیە بۆئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێت.

**3 – 1 – 10 / ئاردفرۆش**

شوێن: دوکانی ئاردفرۆشتن.

بەشداران : قسەکەر / دوکاندار + گوێگر / حەمباڵ + گوێهەڵخەر / کڕیار.

- وەرە کاکە، ئەو فەردە ئاردە بۆ ئەو پیاوە بارکە.

+ بەسەرچاو، هەرئێستا.

- پێت هەڵدەگیرێ ؟

+ ئەی چۆن، ئیشمان هەر **هەڵگرتن** و **داگرتن** نییە ؟! **عەیب نەبێ**.

هەڵگرتن و داگرتن، نە لە واتای فەرهەنگییان و نە لە واتای دەوروبەریشدا، واتایەکی سێکسی یان تابۆ ناگەیەنن، بەڵام دەبڕینی (عەیب نەبێ) دەریدەخات کە واتا سێکسییەکە لە بیری قسەکەردا ئامادەیە.

**3 – 1 – 11 / بەشی ناوخۆ**

شوێن : ژورێك لە بەشی ناوخۆیی.

بەشداران: قسەکەر و گوێگر و گوێهەڵخەر.

جۆری پەیوەندی : هاوڕێ.

بابەتی ئاخاوتن : وەرگرتنی تۆوی کاڵەك.

- پێدەچی ئەو گندۆرە زۆر چاك و بەتام بی.
+ لەوانەیە. لۆ تۆیەکەی ناگریەوە و بیچێنی.
- وەڵا هەر وادەکەم. ئەتوش هەر **لۆم بگرە عەیب نەبی**، لۆم لە زەرفەکی کە.
+ ئنجا ئەتو **تۆت** بوێ؛ کو لۆت تێناکەم؟ وەڵا **هەموت لۆ تێدەکەم**، ناهێلم هیچی خەسار بی.
- ئەی **خوا بتگری**، تۆ گندۆرەی دەرێم، هەتیم!
+ ئێ ئەمنیش **تۆیەکەت هەمو لۆ تێدەکەم**.

لەم ئاخاوتنەدا، کاتێ قسەکەر دەڵێت (لۆم بگرە)، دەیەوێ بە هاوڕێکەی بڵێت مەبەستی لە گرتنەکە تابۆ نییە، بۆیە دەڵێت (عەیب نەبی)، بەڵام بە بۆچونی ئێمە، ئەمە دەبێتە وروژێنەرێك بۆ هاوڕێ گوێگرەکەی و بیری بۆ تابۆ دەچێت و ئاخاوتنەکە بە ئاراستەیەکی سێکسیدا دەبات و ئاوازەی دەربڕاوەکانیشی هەر ئەمە دەسەلمێنن. هەروەك دیارە قسەکەر خۆیشی درك بەم وەرام و مەبەستەی گوێگرەکەی دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەبەستی (تۆوی کاڵەك)ە نەك شتێکی دیکە. بەپێی واتای فەرهەنگی و واتای دەوروبەر بێت، نەدەبو قسەکەر دەربڕاوی (عەیب نەبێ) بەکاربهێنێت و ئاخاوتنەکەش بەم ئاراستەیەدا بڕوات، بەڵام هەژمونی سێکس لەسەر بیر و ڕەنگدانەوەی لە زماندا، ئەمەی هێنایە ئاراوە.

**3 – 1 – 12 / پینەدۆز**

شوێن: دوکانی پینە پینەدۆزێك

بەشداران: قسەکەر + گوێگر + گوێهەڵخەر

بابەتی ئاخاوتن: کونکردنی قایش

- ماندی نەبی وەستا.
+ سەرچاوم.
- ئەو قایشەم گەورەیە، ئەگەر یەکدو **کونی** دیکەم لە تێبکەی، زەحمەت نەبی.
+ ئەی بەسەر چاو، چەند کونی دەتەوێ لۆت تێدەکەم. ئەوجا لە **کونکردنێ** خۆشتر هەیە ؟!
# پێکەنینی گوێهەڵخەرەکان..

ڕەفتاری (پێکەنینی گوێهەڵخەرەکان)، وەڵامدانەوەیە بۆ وروژێنەرە زمانییەکە، کە دەربڕینی (ئەوجا لە کونکردنێ خۆشتر هەیە ؟!) یە، بێگومان لێرەشدا بە پێی ئاوازەی دەربڕینەکە، قسەکەر واتای فەرهەنگیی دەبڕاوەکانی مەبەست نییە، بۆیە بووە بە وروژێنەر و وروژێنەریش وەڵامدانەوەی دەبێت. ئەگەر نا، لە واتای فەرهەنگیی و دەوروبەریشدا، تابۆ نییە.

**3 – 1 – 13 / ئۆتۆمبیل**

شوێن: بەردەرگای ماڵێك

بەشداران: قسەکەر + گوێگر

جۆری پەیوەندی : هاوڕێ و هاوتەمەن

بابەتی ئاخاوتن: ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبیل

- ئەوە سەیارە تازەکەتانە؟
+ ئا . جوانە ؟
- ئەرێوەڵا . پیرۆزتانبێ. ڕەقەمەکەشی **زۆر خۆشە**.
+ بڵێ عەیب نەبێ.
- گوی بخۆ .. ئەو بوڕغووەشی شل بۆتەوە. جەڕنەفیزێکی بێنە و توندی کەوە، با نەکەوێ.
+ .....
- دە جوانی بادە، با توند بێ.
+ ئێ کوڕم دە فێربە بڵێ عەیب نەبێ، ئاخر چ بادەم ؟

- کورە دە گوی بخۆ دیسان. چت بە دەستەوەیە ئەوەی بادە. هەر بۆخۆت دەتخوری.

لەم ئاخاوتنەدا، (خۆش و بادان)، جێگای سەرنجن، چونکە نە لە واتای فەرهەنگییان و نە لە واتای دەوروبەر نە بەپێی بەکارهێنانی قسەکەر، واتایەکی سێکسی یان تابۆ نابەخشن، کەچی لای گوێگر بە واتای سێکسی لێکدەدرێتەوە، بۆیە داوادەکات (بڵێ عەیب نەبێ). ئەمەش دەریدەخات کە واتا سێکسییەکە لەبیریدا ئامادەیە و ئەمەش هەژمونی سێکسە. وەڵامەکانی قسەکەریش (... بخۆ)، لەگەڵ (چت بە دەستەوەیە ئەوەی بادە)، دەریدەخات کە قسەکەر بە واتای فەرهەنگیی خۆیان دەربڕاوەکانی بەکارهێناوە. هەروەها مەبەستی قسەکەر لە دەربڕینی (چت بە دەستەوەیە ئەوەی بادە)، ئەوەیە، بە گوێگر بڵێت کە ئێمە لە کوێین و باسی چی دەکەین، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە سێکسەوە نییە (واتای دەوروبەر)، بۆچی وای لێکدەدەیتەوە؟ ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە سێکس خۆی لە بیری گوێگردا ئامادەیە، بۆیە دەڵێت: (بڵێ عەیب نەبێ). دوجار بەکارهێنانی دەربڕاوی (بڵێ عەیب نەبێ)، دەبێت بە وروژێنەر، وەڵامدانەوەکەشی دەربڕینی قسەکەرە کە دەڵێت: (هەر بۆخۆت .......).

## ئەنجام

1. سێکس، هەژمونێکی فراوانی بەسەر بیر و دەورون و جیهانبینیی مرۆڤدا هەیە.
2. بەکارهێنانی زمان، لە ژێر کاریگەری و هەژمونی پرۆسە هزرییەکانی مێشك و بارە دورونییە جیاوازەکانی مرۆڤ دایە، بۆیە لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە.
3. دەربڕینەکانی (عەیب نەبێ، بیلا مەعنا، تەشبیهات نەبێ، ...)، ئەگەر لەلایەن قسەکەریشەوە بە مەبەستی داپۆشین و دورخستنەوەی تابۆ بەکاربهێنرێن، ئەوا بۆ گوێگر دەبن بە وروژێنەر. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی سیمای وروژێنەریان زیاترە لە داپۆشەر.
4. زۆر بەکارهێنانی دەربڕینەکانی (عەیب نەبێ، بیلا مەعنا، تەشبیهات نەبێ، ...)، لەو ئاخاوتنانەی کە هیچ کام لە واتای فەرهەنگیی دەربڕاوەکان و واتای دەوروبەریان، پەیوەندییان بە سێکسەوە نییە، سەلمێنەری ئەوەن کە واتای سێکسیی دەربڕاوەکان لە بیری قسەکەردا ئامادەیی بەرچاویان هەیە.
5. بە گوێرەی نمونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، تاکی کورد، بە شێوەیەکی گشتی، بیرکردنەوە و جیهانبینییەکی سێکسیی هەیە.
6. ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی خوێندەواری، تاڕادەیەك، کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان هەیە.
7. ئەو تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەی ئاخێوەری کورد کە پێیوایە (قسەی کوردی هەموی بەمەعنایە، - واتای سێکسی-)، بنەمایەکی زانستیی نییە، تەنیا خۆدزینەوەیە لەو ڕاستییەی کە سێکس بەسەر هزر و بیرکردنەوەیاندا زاڵە.
8. فەرهەنگی زمانی کوردی، لە ناوان و وردەکارییەکانی چەمك و پرۆسەی سێکسیدا، هەژارە.
9. ئاوازەی دەربڕینەکان، بەشێکی گرنگی واتای دەربڕاوەکان دیاری دەکەن.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


1. دزەیی، عەبدولواحید موشیر(2004)، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا- لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
2. ڕسل، برتراند(2006)، دەسەڵات و تاك، وەرگێڕانی ئەژین عەبدولخالق، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
3. سەعید، یوسف شەریف(2011) زمانەوانی، چاپی یەکەم، ڕێکخراوی زمانناسی، هەولێر.
4. شەمس، هێمن عەبدولحەمید(2006)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کـۆیە.
5. شەمس، هێمن عەبدولحەمید(2013)، هەژمونی زمان لەسەر کەسێتیی کورد- پەندی پێشینان بەنمونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کـۆیە.
6. عارف، زوبێر عەلی(2012)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سێمانی.
7. عەلی، کسپە ئەبوبەکر(2011)، پەیوەندیی بیر و زمان لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
8. فەتاح، محەمەد مەعروف(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
9. فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا(2013)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

10. فەرەج، شاخەوان جەلال(2011)، تابۆ وەك نموونەیەكی پەیوەندیی نێوان زمان و كلتور، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

11. محەمەد، دارا حەمید(2010)، هەندێ لایەن لە سیمانتیك و پراگماتیكی كوردی، چاپی یەكەم، چاپەمەنیی ژیر، سلێمانی.

12. مەحموود، ئاڤێستا كەمال(2012)، پرۆسە سایكۆلۆژییەكان لە زمانی كوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی.

13. موحسین، بەهزاد(2008)، كۆزمانەوانی، ڕامان، ژ 129 ، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەكان**

14 . افيتش, مليكا(1996), اتجاهات البحث اللساني, ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد.

15 . بشر, كمال(ب.ت), التفكير اللغوي بين القديم و الجديد, دار الثقافة العربية, جامعة القاهرة.

16 . جعفر, نوري(1971), اللغة و الفكر, مكتبة التومي, الرباط.

17 . خرما, نايف(1978), اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة, كويت.

18 . داود, محمد محمد(2009), جدلية اللغة و الفكر, دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع, القاهرة.

**19** . زوين، علي(1986), منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث, ط 1, دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد.

20 . السعران, محمود(1958), اللغة و المجتمع, المطبعة الأهلية, بنغازي.

21 . سلمان, عبد علي(1985), الانثروبولوجيا الاجتماعية, جامعة الموصل.

22 . سليم, مريم(2009), علم النفس المعرفي, دار النهضة العربية, بيروت, لبنان.

23 . الضامن, حاتم صالح(ب.ت), علم اللغة, جامعة بغداد.

24 . غلفان, مصطفى(2010), في اللسانيات العامة, دار الكتب الوطنية, بنغازي.

25 . القذافي, رمضان محمد و الدويبي, عبدالسلام بشير(2010), علم النفس الأجتماعي, المكتب الجامعي الحديث, الأسكندرية.

26 . لاينز, جون(1987), اللغة و المعنى و السياق, ترجمة: عباس صادق الوهاب, دار الشؤون الثقافية العامة, آفاق عربية, بغداد.

**27** . لوشن, نورالهدى(2006), علم الدلالة – دراسة و تطبيق, المكتب الجامعي الحديث, الأسكندرية.

28 . نهر, هادي(1988), علم اللغة الأجتماعي عند العرب, دار الغضون, بيروت.

29 .هدسن (1987)، علم اللغة الأجتماعي, ترجمة: محمود عبدالغني عياد, ط 1, وزارة الثقافة و الاعلام, دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد.

30 . وافي, على عبدالواحد(1971), اللغة و المجتمع, مطبعة نهضة مصر, قاهرة.

**سەرچاوەی فارسی**

31. باطنى، محمد رضا(1390), زبان و تفكر, مقالات زبان شناسى, كتاب گزيده.

**ئینتەرنێت:**

32. http://en.wikipedia.org/

**العلاقة و التفاعل بين اللغة و الفكر**

**الكلام المحظور الجنسي كنموذج**


**ملخص**

هذا البحث من ضمن علم اللغة النفسي, وهو من احدى فروع علم اللغة التطبيقي. يتكون من مقدمة و ثلاثة فصول و نتائج.

في الفصل الأول صار الحديث عن اللغة و الرمز و علم اللغة النفسي و العلاقة بين اللغة و الفكر, اللغة و الرؤيا, مع الفردانية و التكيف. البحث يسير بمسار بأن كيفية اختيار الوحدات و التعابير اللغوية و اسلوب استخدامها من قبل الفرد, جزء من نوعية تفكيره و شخصيته وهي وسيلة اساسية لأنسجام و تكيف الفرد مع المجتمع و من حوله, لأن اللغة وسيلة فعالة, عن طريقها يستطيع الأنسان ايصال مبتغاه و رسائله بطرق و اساليب مختلفة. استخدام التعابير المحظورة أو سترها و حصرها لأظهار الأحترام أو تجريح احاسيس المقابل والتشهير به, جزء من اسلوب التخاطب عند الفرد و المجتمع.

الفصل الثاني مخصص بكلام المحظور. والذي يعتبر حظر و منع التحدث عن عدة مواضيع بشكل صريح و مباشر, و منح استخدام عدة تعابير اخرى بمكانهم بنفس المفهوم و المعاني, ذلك لأسباب منها: اجتماعية و نفسية و دينية و سياسية ...الخ. و يتغير هذا بمرور الزمن و من مجتمع الى آخر. لكلام المحظور عدة انواع, لكن الكلام المحظور الجنسي هو محور هذا البحث, و تم البحث عنه في ضوء العلاقة القائمة بين اللغة و الفكر و التحدث عن دور التعابير(المغطية – المثيرة).

اما في الفصل الثالث أُخِذَ عدة نصوص كلامية في المحادثات اليومية لمتكلمي اللغة الكوردية, اللهجة الكرمانجية الوسطى كنموذج, وحُدِثَ عنهم وفق الحاجة و حُدِّدَ فيهم الجوانب النظرية للفصلي الأول و الثاني. وفي النهاية وصل الباحث الى عدة نتائج, منها: للجنس هيمنة واسعة على الفكر و الحالة النفسية للفرد الكوردي, وينعكس هذا في لغته و اسلوب تخاطبه. لمتحدثي اللغة الكوردية, رؤيا جنسي بصورة عامة. اللغة الكوردية فقيرة الى حد ما, في التسمية و التفاصيل المشتملة بالجنس.


**Relationship and interaction between language and thought**

**Sexual language taboo as a model**


**Abstract**

This research is in the field of the psycholinguistics, which is one of the applied linguistics branches. It consists of an introduction, three chapters and the results.

In the first chapter, deals with language, symbol, psycholinguistics and the relationship between language and thought, language and vision, with individuality and adaptation. The research proceeds with the path that the selection of units and idioms and the manner of their use by the individual is part of the quality of his/ her thinking and personality, which is a basic means for the harmony and adaptation of the individual with the society and around him, because language is an effective means through which man can deliver his desires and messages in ways And different styles. The use of prohibited expressions or covering them and restricting them to show respect or defame feelings of defamation and defamation is part of the communication method of the individual and society.

Chapter II is reserved for forbidden words. Which prohibits the use of several other expressions in their place with the same meaning and reference, for reasons such as: social, psychological, religious, political, etc. This changes over time and from society to society. There are several kinds of forbidden words, but sexual taboo is the focus of this research. It has been sought in the light of the relationship between language and thought and the role of idioms.

In the third chapter took several verbal texts in the daily conversations of the speakers of the Kurdish language, the middle Kermanjy dialect as a model, and talked about them as needed and identified the theoretical aspects of the first and second chapters. In the end, the researcher arrived at several results, including: the sex of the predominance of the broad thought and psychological state of the individual Kurdish, and this is reflected in his language and style of communication. For speakers of Kurdish language, a vision of sexuality in general. The Kurdish language is rather poor, in the label and the details that include sex.